# ناسیۆنالیزمی کوردی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# ناسیۆنالیزمی کوردی

خەبات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی
بەراوردێک لە نێوان سێ پارتی کوردیدا

نووسینی:

**کاوە ئەمین**



کتێب: ناسیۆنالیزمی کوردی – خەبات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی – بەراوردێک لە نێوان سێ پارتی کوردیدا
نووسینی: کاوە ئەمین
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٧٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٦٢)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

ئەم نووسینە پێشکەشە:

بە بنەماڵەی بەدرخانییەکان کە بەردی بناغەی
یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی "کوردستان"یان دانا

# سەرەتایەک

ئەم نووسینەی لە بەردەست دایە، لێکوڵینەوەیەکە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیی، هەوڵدانێکە بۆ بەراوردکردنی خەباتی سێ پارتی ناسیۆنالیستی کوردیی، کە خەباتیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کردووە. لێکۆڵینەوەکە وەکو نامەی ماجستەر لە دیپارتمانی سیاسەت لە زانکۆی ئۆپسالا لە سەرەتای ۲۰۰۳دا پێشکەش کراوە. کارەکە بەزمانی سوێدی نووسراوە و من بۆ خۆم وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی، بۆیە ڕەنگە لێرە و لەوێ کەمێک دەستەواژە و پەرەگراف گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبێت بەبێ ئەوەی هیچ لە ناوەڕۆکی باسەکە بگۆڕێت. هەروەها سەرچاوە کوردییەکانم وەکو خۆی بەکارهێناوەتەوە، واتە لە سوێدییەوە نەمکردوونەتەوە بەکوردی.

هەروەک لەم باسەشدا دەیخوێنینەوە دەبینین کە لەسەدەی شانزە بەدواوە هەستی نیشتیمان پەروەری کوردان هەمیشە لە هەڵکشان و داکشاندا بووە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو بەدواوە هەستی نەتەوەیی کوردی زیاتر چوارچێوەیەکی ناوچەیی لە خۆگرتووە و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد دەوری سەرەکییان گێڕاوە لەوەی کە کورد هەر بەدوای هاووڵاتی بوونی دەوڵەتانی سەردەستەوە بێت، ویستوویەتی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کێشەکەی چارەسەر بکا، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ دابێت بەهەڵواسراوی ماوەتەوە و "دەریایەک" لە خوێنیش بۆ ئەو مەبەستە ڕژێنراوە و دەڕژێت، ئەمە جگە لەوەی کە کێشەکەشی کردۆتە کێشەیەکی ناوخۆی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە. بۆیە پێویستە جارێکی تر بەنەفەسێکی قووڵەوە بەمێژووی سیاسی کورد دابچینەوە و ئازایانە قامک بخەینە سەر هەڵەکان.



کێشەی کورد تەنها کاتێک چارەسەر دەکرێت کە کورد بتوانێت مافی چارەنووس بەدەستی خۆی دیاری بکات. نابێت کێشەی کورد بەدیموکراتی بوون یان نەبوونی ئەو دەوڵەتانەوە ببەسترێتەوە چونکە دەیان کێشەی نەتەوەیی هەن کە تا ئێستاش چارەسەر نەکراون، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دەوڵەتانەی کێشەکەیان لەناو دایە سیستەمی دیموکراتی تێیاندا باڵا دەستە، بۆ نموونەش دەتوانم کێشەی گەلی باسک لە ئیسپانیا و فەرەنسا بهێنمەوە کە لە ڕووی دیموکراتییانەوە ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان لە خاچ داوە، بەراورد بکرێن.

وەک لە سەرەتادا وتم، ئەم کارە هەوڵدانێکە و بێ کەموکوڕی نییە، پێشەکی سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە هەڵەکان ڕاست دەکەنەوە و ڕەخنەی بەجێیی لێ دەگرن، ئەم کارە کارێکی ئەکادیمییە، بۆیە لە هەڵسەنگاندنی ئەو پارتە کوردییانەدا وەکو بێ لایەنێک چاوم لە کارەکانیان کردووە.

# ١- دەستپێک

لە کۆتایی ساڵی ١٦٠٠ دا، شاعیر و فەیلەسووفی کورد، ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)، لە شاکارە بەناوبانگەکەی خۆیدا (مەم و زین)، ئارەزووی ئەوە دەکات کە کورد لە بەینی خۆیاندا یەکگرتوو بن. هەربۆیە ئەم چەند دێڕانە دەهۆنێتەوە:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
روم[1] و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژ مە را دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەولەت
تەحلیل دکر مە عیلم و حیکمەت[2]

ئەو کۆمەڵگا کوردییەی کە ئەحمەدی خانی تێدا ژیاوە، تێکەڵاوێک بووە لە خێڵ و دەرەبەگایەتی. سەرۆک خێڵەکان پەیوەندییان بە عوسمانییەکان یاخود فارسەکانەوە هەبووە. هەر لەو سەردەمانەشدا بوو کە کوردستان بۆ جاری یەکەم دابەش کرا، بەپێی ئەو پەیمانەی کە پێی دەڵێن چالدێران. کوردستان کەوتبووە نێوان گوریسکێشەکێی عوسمانی و

(١) کوردەکانی باکووری کوردستان ئێستاش بۆ لەشکری تورک وشەی رۆم بەکاردەهێنن، ئەوەش بۆ بەراورد کردنە لەگەڵ رۆمەکان کە لەکاتی هێرشکردنەکانیاندا بۆ رۆژهەلات، ئەوپەڕی کاری دڕندانەیان بەکار دەهێنا بۆ چاوترسێکردنی خەڵک.

(٢) گزینگ ژمارە ٢٠ ل. ١٨، (لە سوێدییەکەدا من کتێبەکەی فەرهاد شاکەلیم بەکارهێناوە بەناوی ناسیۆنالیزمی کورد لە مەم و زینی خانی دا (بەزمانی سوێدی) ل٤٣.



سەفەوییەکان، هەریەکەیان دەیویست کوردەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. دەبێت ئەوەش بڵێین کە کێشەکە تەنها دەسەڵاتی سیاسی و پاوانخوازی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە نەبوو، بەڵکو دوو مەزهەبی شیعە و سوننە وەکو دوو ئایدۆلۆژیی دژ بەیەک لە شەڕەشۆق دابوو.

لاپەڕەکانی مێژووی کورد هەر تەنها مێژووی داگیرکاری و تاڵانکردنی لە خۆ نەگرتووە، بەڵکو شان بەشانی ئەو دیاردانە، سەرۆک خێڵەکان لە دژایەتی بەردەوامدا بوون لەگەڵ یەکتر[3]. ئەمەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ویستی سەرۆک خێڵەکان بۆ ئەوەی بتوانن ناوچەکانی خۆیان پاوان بکەن و بەروبوومەکەی بۆ خۆیان بەکاربهێنن،کە زیاتر لە وەرزێری و بەخێوکردنی مەڕو مالات پێکدەهات.

بەکارهێنانی هێز و شەڕەنگێزی لە کۆمەڵگایەکی وەرزێریدا، بەدەرەجەی یەکەم بەهۆی دابەشکردنی بەروبوومە ناوچەییەکانەوە سەرهەڵدەدات. هەر بۆیە زۆربەی جار شەڕکەرەکان سەر بە هەمان کولتوورن[4].

ناسیۆنالیزم وەکو دەستەواژەیەکی سیاسی لە دوای ساڵی (١٩٠٠) وە، دەورێکی کاریگەری هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ناسیۆنالیزمی عەرەب و کورد، بۆ بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی تورکی، کەوتنە خۆڕێکخستن. ئەم بیرو بۆچوونانە، ڕووبەرێکی بەرفراوانیان داگیر کرد، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، ئەوەش بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە دران لە مەڕ سەربەخۆیی، بەتایبەتی بە عەرەبەکان.

لە سێبەری ئەم دژایەتییانەدا و وەکو وەڵامێک بۆ زوڵم و زۆری عوسمانییەکان، ناسیۆنالیزمی کوردی فرچکی بەست و گەشەی کرد. لەو کاتەدا زیاتر کوڕی ئەرستۆکرات و پیاوماقووڵان دەیانتوانی بچنە بەر

(٣) ڕەفیق سابیر، ئیمپراتۆریای لم، ل. ١٩٩، ٤٠.

(4) Ernest Gellner, Nationlism s. 40

خوێندن، بۆیە ئاساییە کە ئەوان زیاتر کەوتنە ژێر کاریگەری بیرە ناسیۆنالیستییەکانەوە. ئەستەمبوڵ بووە ناوەندێک بۆ خوێندکارانی کورد. بەو شێوەیە ڕووناکبیرانی کورد کەوتنە ژێر ئەو تەوژمە فکرییانەی کە لە ئەورووپاوە دەهاتن. لە پەیوەندی لەگەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، دوو تێڕوانین و بیروبۆچوون هەن. دەمەوێت لەم نووسینەدا تیشک بخەمە سەر هەردوو بۆچوونەکان. هەروەها بەراوردێک بکەم لە بەینی سێ پارتی مۆدێرنی کوردیدا کە بەهەڵگری بیری ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێن.

## ١-١ ئامانجی ئەم نووسینە چییە؟

لە ڕاستیدا ئامانجی ئەم نووسینە ئەوەیە کە پێناسەیەکی ناسیۆنالیزمی کوردی و ڕەگوڕیشەو گەشەکردنی بکەم، بەتایبەتی کرۆکی باسەکە لە خەبات و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ، چڕ بکەمەوە. خاڵی دووەم، بۆ ئەو مەبەستە بەراوردی سێ پارتی ناسیۆنالیستی کوردی، شێوەی خەبات و بەرنامە و پرۆگرام و چالاکییەکانیان دەکەم. ئەو پارتانە کە خۆیان بەناسیۆنالیست دەزانن و ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان بووە، ئەم پارتانە ڕۆڵی بەرچاویان بووە بەتایبەتی لە مەسەلەی تیۆریزەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەتایبەتی لە دیدێکی کوردانەوە.

میژووی دامەزراندنی ئەم پارتانە جیاوازی هەیە و هەریەکە و لە کاتێکی تایبەتی و هەروەها جۆری ڕێکخستنیان، بەڵام هەرسێکیان ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بووە. ئەو سێ پارتەش (خۆیبوون، کاژیک و پاسۆک)ن. کاژیک و خۆیبوون وەکو ڕێکخستن لە گۆڕەپانی سیاسی کوردیدا نەماون، بەڵام پاسۆک کە بەمیراتگری کاژیک دەژمێردرێت تا ئێستاش کار و خەباتی خۆیان دەکەن، ئەگەرچی خەباتەکەشیان سنووردارە.



## ١-٢ شێوەی کارکردن

"ئێتنیستی" و " ناسیۆنالیزم" دوو دیاردەن کە هەمیشە و لە گەڵ زۆر مەسەلەدا ناویان دێتە ناو ناوانەوە، جا بەشێوەیەکی نەگەتیڤ بێت یان پۆزەتیڤ. هەرئەوەش وا دەکات کە زەحمەت بێت وێنەیەکی ڕوونی ناسیۆنالیزم بەگشتی و ناسیۆنالیزمی کورد بەتایبەتی بکێشرێت. مەبەستی من ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو سێ پارتە چۆن چۆنی مامەڵەیان لەگەڵ ناسیۆنالیزم کردووە و چ جۆرە ستراتیجی و میتۆدێکیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بەئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بگەن. بۆ تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزمی کوردی پەنا دەبەمە بەر پێناسەی ناسیۆنالیزم و نەتەوە بەشێوە ئەوروپاییەکەی.

## ١-٣ سنووردارکردنی باس

ناسیۆنالیزم وەکو بابەتێک ڕووبەرێکی بەرفراوان داگیردەکات، باسکردن لە ناسیۆنالیزمی کوردی کارەکە زەحمەتتر دەکات، چونکە کوردەکان بەسەر چەندین وڵاتی جۆراوجۆردا دابەش کراون، کە هەر وڵاتە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. کە ئەم سێ پارتەشم هەڵبژاردووە لە بەرئەوەیە کە ئەوان خۆیان بەهەڵگری بیری نەتەوەیی دەزانن و کوردستانێکی سەربەخۆشیان وەکو ئامانج لە پێش خۆیان دانابوو.

لێرەدا بەهیچ شێوەیەک مەبەست لەوە نییە کە ڕۆڵی پارتەکانی تر لە خەباتی نەتەوایەتی کوردستاندا بەهێند نەگیرێت کە دەورێکی کاریگەریان هەبووە، هەندێک جار نەگەتیڤ بەڵام بەگشتی پۆزەتیڤ. ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە لە دوای ١٩٥٠ بەدواوە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان ئامانج و پەیامی ڕوونیان نەبووە بۆ گەلی کورد. گەلێک جار تاکتیک و ستراتیجی خۆیان گۆڕیوە، بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ سیاسەتی هەرێمی و نێونەتەوەیی خۆیان بگونجێنن.

پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان (کۆنگرەی گەلیی ئێستا ) لەو پارتانەن کە دەوری گرنگ و کاریگەریان گێڕاوە لە خەباتی کوردستاندا، بەتایبەتی لە وروژاندنی هەستی کوردایەتیدا.

(پکک) دەوری کاریگەری بینیوە لە بزواندنی هەستی ناسیۆنالیستی کورد بەتایبەتی لە باکووری کوردستاندا، لە دوای ناوەڕاستی هەشتاکانەوە. یەکێک لەو سیفەتانەی پکک کە لە پارتەکانی تردا نەبوو، ئەوە بوو کە پێناسەی کۆلۆنی بۆ کوردستان کردبوو و داوای لە کوردەکانی سەرتاسەری کوردستان دەکرد کە بۆ وەدەرنانی سوپایی کۆلۆنیال لە کوردستاندا تێبکۆشن[٥].

لەدوای ڕاپەرینی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ وە ڕەوشێکی تایبەتی لە باشووری کوردستان هاتۆتە ئاراوە، بەشێکی گەورەی ئەو پارچەیە لە ژێر کۆنترۆڵی پارتی و یەکیەتیدایە[٦]، ئێستا لە باشوور پەرلەمان و حکومەتێکی هەرێمی (دوو ئیدارە) دامەزراوە.

---

(٥) PKK لە دوای ساڵی ١٩٩٣ بەدواوە ستراتیجی خۆی گۆڕی لە کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو بۆ دابینکردنی مافی کولتووری بۆ کوردەکان و دیموکراتی بۆ ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە، بەتایبەتی تورکیا. کاتێکیش سەرۆکی ئەو پارتە عبداللە ئۆجەلان بەهاوکاری دەستگا سیخوڕییەکانی CIAی و وڵاتانی تر تەسلیم بەتورکیا کرایەوە لە ١٥ فیبروەری ١٩٩٩ دا، پکک هێزەکانی خۆی لە باکوور کێشایەوە و پاشان ناوی پکک گۆڕدرا بۆ کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان. پکک، پاشان کادەک و ئێستاش بەناوی کۆنگرەی گەل، چەند پلانێکی ئاشتییان خستە پێش تورکیا بەڵام تائێستاش تورکیا ڕازی نابێت کۆنگرەی گەل وەکو لایەنێکی کێشەکە دان پێدا بنێت و کێشەکە هەر بەهەڵواسراوەیی ماوەتەوە.

(٦) ئەم نووسینە پێش ڕووخانی عێراق بەچەند مانگێگ نووسراوە.



## ٤-١ کەرەستەی لێکۆڵینەوە

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گەلێک سەرچاوە کەڵکم وەرگرتووە، لە ناویاندا سەرچاوەی کوردی کە بەشێوەی ئەکادیمی و مێژوویی نووسراون. بۆ ناساندنی خۆیبوون کەڵکم لە کتێبەکەی ڕۆهات ئالەکۆم بەناوی "خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری" کە لە وەرگێڕانی (شوکور مستەفا )یە وەرگرتووە. وەکو دەبینرێت ڕۆهات کەڵکی لەگەلێک سەرچاوەی تورکی و کوردی و زمانی تر وەرگرتووە.

بۆ کاژیک، کەڵکم لە کاژیکنامە [چاپە کوردیەکەی] و چەند کتێبێکی جەمال نەبەز وەرگرتووە. هەروەها کتێبەکەی فەرهاد شاکەلی بەناوی ناسیۆنالیزمی کوردی لە مەم و زینی خانی و گۆڤاری ڕەهەند و گزینگ و گەلێک سەرچاوەی بیانی وەرگرتووە کە ناویان لە کۆتایی ئەم نووسینەدا هاتووە. بۆ پێناسەکردنی ناسیۆنالیزم، سوودم لە کتێبی "ناسیۆنالیزم"ی ئێرنشت گیلنەر و کتێبەکانی بنیدیک ئەندرسن و ئۆڤین ئۆسترین وەرگرتووە. هەوڵم داوە کە لە ناساندن و تێبینەکانی خۆشمدا، بێ لایەنی بپارێزم و ڕەچاوی کاری ئەکادیمیم کردووە.

# ٢- ناسیۆنالیزم چییە؟

## ٢-١ پێناسە

ئۆیڤیند ئۆستیرود لە پێشەکی کتێبەکەی خۆی بەناوی "ناسیۆنالیزم چییە؟" بەپرسیارێک دەست پێ دەکات: ئایا ناکرێت بچین لە فەرهەنگێکدا وشەکە بدۆزینەوە و سەیری ماناکەی بکەین؟ لە وەڵامدا دەڵێت، نەخێر ناتوانین[٧].

ئەو پێی وایە کە وشەکە مانای جۆراوجۆری هەیە و کاریگەری لەسەر دەوروبەر دادەنێت. لەگەڵ ئەوەی کە ناسیۆنالیزم دەوری کاریگەر و کاردانەوەی گەورەی هەبووە لە سەر چینەکانی کۆمەڵگا و گرووپە ئێتنیکییەکان، هەمان کات سەرچاوەی دروستکردنی بەربەرەکانی دینی، ئێتنیکی و کولتووری بووە. "پێناسە کردنی نەتەوە، ناسنامەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم کارێکی ئاسان نییە، جا چ جای ئەوەی بێیت لە سەریان بکۆڵیتەوە"[٨].

ئەگەرچی ئەم پێداگرتنانە ڕاستیش بن، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت دەموچاوە جۆراوجۆرەکانی ناسیۆنالیزم لەیەک جیابکاتەوە. هەندێک گرووپ، ناسیۆنالیزم لەگەڵ ئازادی، بەرابەری و دادپەروەری، بەراورد دەکەن. لەم حاڵەتانەدا ناسیۆنالیزم ناوەڕۆکێکی پۆزەتیڤی دەدرێتێ، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی کە ناسیۆنالیزم لەگەڵ ڕزگاریی نەتەوەیی بەراورد دەکەن. بەڵام لەلایەکی ترەوە دەتوانرێت ناسیۆنالیزم وەکو ڕاسیزم، دژە بیانی و چەوساندنەوە بەراورد بکرێت. بەمانایەکی تر ناسیۆنالیزم وەکو

(7) Oyvind Osterud, vad är nationlaism, s.7

(8) B. Andersen, den föreställda gemenskapen, s. 18



پروپاگەندەیەکی سیاسی بەکار دەهێنرێت کە دەبێتە هۆی لە دایکبوونی ناکۆکی[٩]. ناسیۆنالیزم وەکو ئیدیۆلۆگییەک، ئەورووپییە و لە سەرەتای ساڵانی ١٨٠٠ گەیشتە نوخبەی ڕووناکبیرانی عوسمانی. دوو جۆر ناسیۆنالیزم هەیە کە یەکێکیان فەرەنسییە کە بە ناسیۆنالیزمی هاووڵاتی بوون ناودەبرێت، واتە دانیشتوان هەموو هاووڵاتین بەبێ ئەوەی گوێ بدرێت بەباکگراوندیان. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە لەلایەن فیوداڵەکانەوە ڕەت دەکرایەوە چونکە ئەوان وەکو مەترسییەک بۆ فیودالیزم چاویان لێ دەکرد. جۆرەکەی تریان ناسیۆنالیزمی ئەڵمانییە کە لە سەر بنەمای ئێتنیێستیت داڕێژراوە. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە " خاڵی سەرەکی لە جیاوازی دەستەڵاتی ناوەند (زۆرینەی دانیشتوان، نوخبە یان دەستەڵاتی گەورە) دادەنێت، بەو شێوەیە پشت بەو فاکتەرانە دەبەستێت کە گرووپێکی سەربەخۆ وەکو یەکەیەکی نەپچڕ سەردەکات. لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆشاییەی دوای تیوکراتی، دەستەڵاتی موتڵەق، خوێن و هاوڕەگەزایەتی، هەروەک "ناسیۆنالیزمی هاووڵاتی بوون" هەوڵ دەدات کە ئەو دەستەڵاتە بپارێزێت بۆ نموونە دەوڵەت، بەڵام ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی هەوڵی ئەوە دەدات کە دەوڵەتێک وەکو نەتەوەیەک بڕەخسێنێ. دەوڵەتی عوسمانی زیاتر لە ژێر کاریگەری ئەم مۆدیلەدا بوو"[١٠].

ئێرنیست گیلنەر، ناسیۆنالیزم بەم شێوەیە پێناسە دەکات: ناسیۆنالیزم لە پلەی یەکەمدا پرنسیپێکی سیاسییە کە بانگاشەی ئەوە دەکات کە دەبێت یەکیەتی سیاسی لەگەڵ یەکیەتی نەتەوەییدا یەکانگیر بێت. ناسیۆنالیزم وەکو هەست یان وەکو بزووتنەوەیەک لەم چوارچێوەیەدا پێناس دەکرێت. ناسیۆنالیزم وەکو هەستێک ئەو ئیحساساتەیە کە لە نەتیجەی دڵەڕاوکەدا پەیدا دەبێت بەدژی پرنسیپەکان، یاخود ئەو ئیحساسەیە کە لە

(9) Osterud, s 9-10.

(10) Multiethnica, nr 26-27, s. 37

نەتیجەی بەرهەمی پرنسیپەکانەوە پەیدا دەبێت. بەوە دەوترێت بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی ، کە لە ژێر کاریگەری ئەو جۆرە هەستەدایە[11]. گیلنەر لەسەر ئەو تێزەی خۆی پێ دادەگرێت کە دەڵێت" ئەوە ناسیۆنالیزمە کە نەتەوە دروست دەکات نەک بەپێچەوانەوە"[12].

نەتەوە، هاووڵاتێتی، ناسیۆنالیزم و دەوڵەت، هەموویان هێڵێکی هاوبەش بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، هەروەها سیمبولە جیاوازەکان کە کەم یان زۆر نەتەوە و هاووڵاتێتی و ناسیۆنالیزمیان پێ دەناسرێتەوە، لە کۆتاییشدا هەموو ئەوانە یەکتری تەواو دەکەن. بۆ ئەوەی جوابی پرسیاری "نەتەوە چییە ؟" بداتەوە، گیلنەر لە کتێبەکەی خۆیدا، دەوڵەت، نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەڵێت: " دوو تیۆری هیوابەخش هەن بۆ بنیاتنانی تیۆرییەک لەمەڕ ناسیونالتی ئەوانیش: خواست و کولتوورن"[13]. بەڵام هەمان کات ئەو دەستنیشانی ئەوەش دەکات کە لەگەڵ ئەوەی "کولتوور و خواست" دوو خاڵی گرنگ و چارەنووسسازن، بەڵام سەد لە سەد هەموو شتەکە پێک ناهێنن. بۆ زۆربەی گرووپەکان جا بچووک بن یان گەورە، خواست و ئارەزوو لە شکڵدانی ئەواندا یەکلاییکەرەوەیە. دوو خاڵی سەرەکی هەن لە پەیوەندی لەگەڵ شکڵدانی گرووپەکان و خۆناساندنیان کە دەوری سەرەکی دەبینن ئەوانیش "خواست و ئارەزوومەندانە پەیوەندیکردن و خۆناساندن، وەفاداری و هاوپشتوپەنا بوون لەلایەکەوە؛ ترس و تەسلیمبوون و ناچارکردن، لەلایەکی ترەوە[14]. مەبەست لە نەتەوەش ئەوەیە کە گەلێک خاوەنی زمان، کولتوور، مێژوو و سەر بەئێتنیکێکی هاوبەش بن[15].

(11) Tomas H. Eriksen, etnicitet och nationalism, s. 125
(12) Gellner, stat, nation, nationalism, s. 78
(١٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٥.
(١٤) سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٥.
(15) Jan - Gunnar Rosenblad, nayion, nationalism, och identitet s. 36



## ٣- دەربارەی ڕەچەڵەکی کوردەکان

گەلێک جار بەهۆی جۆراوجۆر و بەمەبەستی جیاواز، هەوڵی ئەوە دراوە کە لەسەر ڕەچەڵەکی کوردەکان بنووسرێت. مێژوونووسە عەرەبەکان هەوڵیان داوە کە ڕیشەی کوردەکان ببەنەوە سەر عەرەب بەو مانایەی کە کوردەکان لە سەرەتادا عەرەب بوو بێتن[16]. ئەوەی کە تورکەکان کورد بە"تورکی چیایی" دەناسێنن شتێکە لای هەموان ئاشکرایە، بەتایبەتی لە مێژووی نوێی تورکیادا لە دوای ساڵی ١٩٢٣ تا ساڵی ١٩٩٠ یش. ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان لە بەینی خۆیاندا دابەش کردووە هەوڵی توانەوەی کوردەکان دەدەن بۆ ئەوەی لە تورکیا بیانکەن بەتورک، لە ئێران بەفارس، لە عێراق و سوریاش بەعەرەب، ئەویش نەک مافی هاووڵاتێتی وەکو ئەو میللەتانەیان پێ ڕەوا ببینی بەڵکو وەکو هاووڵاتی پلە دوو[17]. هەرچی کوردەکانن خۆیان بەنەوەی "میدەکان" دەزانن[18]، کە ئیمپراتۆریای ئاشووریان ڕووخاند کە ناوەندەکەی دەکەوتە شاری مووسڵی باشووری کوردستانی ئێستاوە، ئەمەش ٨٠٠ پ.ز، ڕووی دا. نووسەر و ئەفسەری گریکی گەزنەفۆن (نزیکەی ٤٢٨ لەدایک بووە و ٣٤٥ پ.ز. مردووە) لە شاکارە بەناوبانگەکەی خۆیدا بەناوی "ئاناباس" باسی گەلێکی چیایی ئەو کاتە دەکات بەناوی "کاردۆخەکان" کە بەبڕوای هەندێک مێژوونووس هەمان باب و باپیرانی کوردەکانی ئێستان[19]. جەمال نەبەزیش پێی وایە کە ڕەچەڵەکی کوردەکان گرنگییەکی زۆری نییە، چونکە کوردەکان خۆیان

(١٦) جەمال نەبەز، پێوەندارێتی کوردی ل. ١١
(١٧) ئیسماعیل بێشکچی، کوردستان کۆلۆنییەکی نێونەتەوەییە.
(١٨) ئێنسکلۆپیدیای سوێدی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت (www.ne.se)
(١٩) سەرچاوەی پێشوو & مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان ل. ٦٤

پێیان وایە کە هەموویان سەر بەڕەچەڵەکێکن و کوردەکانی ئێستا نەوەی ئەو کوردانەن کە پێشتر خۆیان بەکورد زانیوە[٢٠].

## ٣-١- ڕەگوڕیشەی ناسیۆنالیزمی کوردی

لە زمانی کوردیدا وشەی "کوردایەتی" بەشێوە باوەکەی بۆ زۆر شت کە پەیوەندی بەکوردبوونەوە هەبێت بەکار دەهێنرێت، بەتایبەتی کوردایەتی وەکو ناسیۆنالیزم، نیشتیمانپەروەری، بزووتنەوەی نەتەوایەتی و "کوردایەتی کردنیش" مانای چالاکانە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی ناسیۆنالی کوردیدا"[٢١]. دەستەواژەیەکی تر کە لەلایەن ناسیۆنالیستە کوردەکانەوە بەکاردەهێنرێت "بیری نەتەوەیی کوردییە" کە ناوکی بیروباوەڕە سیاسییەکانی کاژیکە، هەروەک لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسی لێوە دەکەم.

ناتوانین مێژوویەکی دیاریکراو دەستنیشان بکەین لە مێژوودا، کە ئاخۆ کەی بیری دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە دایک بوویێت، بەڵام هەروەک نەتەوەکانی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کوردەکان خاوەنی دەوڵەتی هەرێمی خۆیان بوون[٢٢]، کە دەستەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی و ئابووریان بەسەر هەندێک ناوچەی کوردستاندا شکاوە بەڵام بەبەردەوامی پەیوەندییان بەدەوڵەتەکانی ناوەندی وەکو دەوڵەتی عوسمانی و فارسەکان هەبووە. (یان ییێرپە) ئاوا پێناسی دەوڵەت "دەولە" دەکات:" بەمانا بنچینەییە باوەکەی مانای "دیناستی= بنەماڵە"، دەوڵەت یاخود "وڵاتی دایک" کە لە شێوەیی شەریکەیەکدا، کە لەسەر بنەماڵەیەک تاپۆ کرابێت"[٢٣]. ئەم پێناسەیە لەگەڵ دیناستییە کوردەکانیشدا یەک

(٢٠) جەمال نەبەز، پێوەندارێتی کوردی. ل ١١.

(٢١) شەفیق قەزاز، شارەزوور، فەرهەنگی کوردی – ئینگلیزی ل. ٤٤٦

(٢٢) جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نە... ل ٣١

(23) Jan Hjärpe, s. 23



دەگرێتەوە کاتێک بیر لە کوڕە دەوڵەمەندەکانی، بنەماڵە ئەرستۆکراتەکانی کوردستان بکەینەوە کە دەستەڵاتیان لە باوک و باپیرانیانەوە بۆ دەمایەوە، وەکو چۆن ئەڵقەی زنجیرێک بەیەکەوە گرێ بدەیت.

## ٣-٢- بیرە "ناسیۆنالیستییەکانی" ئەحمەدی خانی

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی فەرهاد شاکەلی، ڕەگوڕیشەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی ١٦٠٠ هەر لەو سەردەمەدا، هۆنەر و بیریاری کورد ئەحمەدی خانی، قەسیدە بەناوبانگەکەی خۆی (مەم و زینی) نووسی، کە تێیدا " شکڵ و بناغەی ناسیۆنالیزمی کوردی داڕشت. ئەحمەدی خانی داوای لە گەلی کورد کرد کە بەدژی ئەوانەی کە دەستەڵاتیان بەسەر کوردستاندا هەیە، ڕابن، بەئامانجی ئەوەی کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی دامەزرێنن"[٢٤].

هەروەها جەمال نەبەزیش هەمان تێڕوانینی هەیە لەم پەیوەندییەدا. لە سەدەی حەڤدەدا، خانی داوای لە کوردەکان کرد کە چالاکانە خەبات بکەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان و داوای لە کوردەکان کرد کە دەستبەرداری ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان بن و لە ژێر ڕابەرایەتی پاشایەکی کورددا، تا خۆیان لە چنگ زوڵم و زۆرداری تورک و فارسەکان ڕزگار بکەن و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بنیات بنێن[٢٥]. بەڵام ئەم تیۆرییە لەلایەن هەندێک کورد و کوردناسی ئەوروپاییەوە کەوتە بەر ڕەخنە. ئەمیری حەسەن پوور دەڵێت ئەوە ئاشکرایە کە خانی یەکەمین کەسێک بووە کە بیری لە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی کردۆتەوە، بەڵام ئەو کاتە پێناسەیەک بۆ دەوڵەت و نەتەوە نە لە کوردستان و نە لە ئەوروپا هەبوونی نەبووە. بەڵکو خانی هیوای خواستووە کە دەوڵەتێکی کوردی لە سەر

(24) Ferhad Shakaly, Kurdisk nationalism i Mem u Zin… s 1

(٢٥) جەمال نەبەز، دۆزی ناسیۆنالی کورد ل. ٨

شێوەی دەوڵەتی عوسمانی و خێڵە سەفەوییەکان دامەزرێت، کە لەو سەردەمەدا هەبوون(٢٦).

دەوڵەتی ناسیۆنال وەکو دیاردەیەکی مۆدێرن، بانگاشەیەکە بۆ هاوبەشێتی نەتەوەیی. ئەمەش یەکێک بوو لە بیرە سەرەتاییەکانی شۆڕشی فەرەنسا، واتە دەوڵەتێکی نەتەوەیی دوو ڕووی هەیە: یەکێکیان پێناسەیەکە بۆ هەموان (کۆلەکتیڤ) ئەوی تریشیان بڕیاردانێکی سیاسییە(٢٧). دەتوانرێت بووترێت کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی " مۆدێلێکە بۆ سیستەمێکی بڕیاردان کە بەتەواوەتی سنووردارە، لەسەر بنچینەی یاسای بنگەیی دامەزراوە و بەشێوەیەکی ڕەسمی سەربەخۆیە و لەباری کۆمەڵایەتییەوە گونجێندراوە"(٢٨). کاتێکیش باسی دەوڵەتی میرنشینەکان دەکەین وێنەکە بەتەواوەتی پێچەوانەیە: دەوڵەتی میرەکان پەیوەندییەکی لەق و گۆڕدراویان لەگەڵ گرووپە قەومییەکان و وڵات وەکو خاک هەبووە، گەلێک جار سنوورەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، داگیرکاری، لە دەستدانی هەرێم و هاوپەیمانێتی. دەوڵەت مانای لووتکەی هەرەمی دەستەڵاتە. بەڵام دەوڵەتی ناسیۆناڵ وڵاتی دانیشتوانەکەیتی: دانیشتوان دەوڵەتەکەیە و سنوورەکانیش پێناسەی هەیکەلی دەوڵەتەکەن. هەر ئەوەشە کە وای کردووە خاک گرنگی و دەورێکی سەرەکی هەبێت بۆ دەوڵەتان(٢٩).

لێکۆڵەرەوەی هۆڵەندی مارتین ڤان برونەسن دەڵێت: لێکدانەوەی چاک هەن لە (مەم و زین)دا کە نیشانی دەدەن، ئەحمەدی خانی وەکو باوکی ناسیۆنالیزمی کورد چاوی لێ بکرێت، بەڵام ئایا مرۆڤ دەتوانێت بانگاشەی ئەوە بکات کە ئاخۆ خانی بۆ خۆی ناسیۆنالیست بووە؟ ئەو پێی

(٢٦) گزینگ ژمارە ٩ ساڵی،١٩٩٥

(27) Oyvind Osterud, s. 113

(٢٨) سەرچاوەی پێشوو ل. ١١٥

(٢٩) سەرچاوەی پێشوو ل. ١١٤



وایە کە ناتوانرێت تەنها بەهۆی دوو دێڕ شیعرەوە کە خانی نووسیبێتی مانای وایە خانی بیری لە دەوڵەتێکی کوردی کردۆتەوە(٣٠).

بە گوێرەی ئەو پێناسانە بێت دەتوانرێت مرۆڤ بێژێت کە ئەحمەدی خانی ئارەزووی ئەوەی کردووە کە کورد لووتکەی هەرەمی دەستەڵات بگرنە دەستی خۆیان یاخود بەمانایەکی تر کوردەکان دەوری تورکەکانیان ببینیایە کە ڕکێفی دەستەڵاتی عوسمانییان لە دەستدا بوو. خانی لە (مەم و زین)ەکەیدا زۆر بەئاشکرا ڕەخنە لە تورکەکان یاخود عوسمانییەکان دەگرێت چونکە بەباشی مامەڵە لەگەڵ کوردەکان ناکەن و ئەوان بەوە تاوانبار دەکات کە ڕێگایان لە کوردەکان گرتووە و نایانەوێت سەربەخۆ بن. دەکرێت مەبەستی خانی لە سەربەخۆیی دەوڵەتێکی کوردی بووبێت، یاخود پاشایەکی کورد کە لە ڕێگای تاجێکەوە بیتوانیایە ڕەواج بۆ کوردەکانیش پەیدا بکا، ئەوەتا خانی لەم دێڕانەدا ئاوا دەڵێت:

گەر دێ هەبوا مە پادشاهەک
لایق بدی یا خودێ کولاهەک
تەعیین ببویا ژ بۆ وی تەختەک
ظاهیر ڤە دبو ژ بۆ مە بەختەک
حاسل ببویا ژ بۆ وی تاجەک
ئەلبەتتە د بوو مە ژی ڕەواجەک(٣١)

بۆ ئەوەی وێنەیەکی گشتی بدەینە دەست، بەراوردێکی بیروبۆچوونەکانی خانی بکەین لەوەی کە مەبەستی چی بووە لە دەوڵەتی کوردی، بۆ ئاسانکردنەوەی مەبەستەکانی، وا باشە پێناسەیەکی دەوڵەتی نەتەوەیی بکەین. لە ئێنسکلۆپیدیای سوێدیدا بەم شێوەیە پێناسی دەوڵەتی نەتەوەیی کراوە:

(٣٠) گزینگ ژمارە ١٢

(٣١) گزینگ ژمارە ١٩ ل. ١٢& فەرهاد شاکەلی، ناسیۆنالیزم لە...ل ٣٧

دەوڵەتی ناسیۆناڵ، کە زۆرجار لە جیاتی وشەی "دەوڵەت"، لێرەیشدا لە پلەی یەکەمدا مەبەست لە بەڕێوەبردن (داو دەستگا) بەشێوە مۆدێرنەکەی دێت. بەڵام دەکرێت مەبەستی ئەو دەستەواژەیە، شێوەی بنیاتنانی ئێتنیکی و کولتووری ئەو دەوڵەتەش بێت. لێرەدا مەبەست لە دەوڵەتێکی نەتەوەیی، پێناسەی چوارچێوەی کلێشەی ئێتنیکی یانیش کولتووری ئەو دەوڵەتەیە، لە کردەوەدا مرۆڤ وا دەهێنێتە بیری خۆی کە هەموو هاووڵاتییانی ئەو دەوڵەتە سەر بەو نەتەوەیەن. یاخود دەوڵەتی نەتەوەیی: دەوڵەتێکە کە هیچ نەبێت بەشی هەرەزۆری دانیشتوانی لە ئەندامانی گەلێک پێکهاتبێ (مەبەست یەک نەتەوەیە بۆ نموونە زۆربەیان سوێدی بن- کاوە)، ئەم بیرکردنەوەیە لە سەدەی هەڤدەهەمدا (١٨٠٠) بەشانوباڵیدا هەڵدەگوترا[٣٢].

پێناسەکردنی خانی بۆ دەوڵەتی کوردی وەکو هی دەوڵەتی عوسمانی وابوو، بۆیە لەگەڵ ئەو پێناسەیی سەرەوەدا یەک ناگرێتەوە، بەڵام گومانی تێدا نییە شیعرەکانی خانی بەبیروباوەڕی ناسیۆنالیستی خەملێیون.

تێڕوانینی جیاواز لەسەر شوێنی لەدایکبوونی خانی هەن، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە لە باکووری کوردستانی ئێستادا لە دایک بووە[٣٣]. لەگەڵ ئەوەشدا خانی بەتەنگ کوردی ناوچەکانی تری کوردستانەوە بووە. سەرەڕایی ئەوەی کە ئەوکاتە زانیاری و گواستنەوە و پەیوەندییەکان لەبار نەبوون لە کوردستاندا، بەڵام ئەو بانگی هەموو کوردەکانی کردووە کە یەک بگرن و پاشایەک بۆ خۆیان دیاری بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر دەستەڵاتدارانداد واتە عوسمانی و سەفەوییەکاندا سەرکەون، چونکە خانی ناوی (عەرەب و عەجەم و تورک) دەهێنێ کە چ ئەو کاتە و چ ئێستاش بەسەر کوردستان و کورددا زاڵن. لە ڕێگای

(32) www.ne.se/nationlstat
(33) Shakaly s. 9



شیعرەکانییەوە ناخۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە بەدەست ئەو نەتەوانەوە، ئەوە نییە ئاواتی خواستووە کە " تورک و عەرەب و عەجەم" ببنە خزمەتکاری کورد.

پەنجەرەیەکی تر کە لێوەی لە شیعرەکانی خانی بڕوانیت و شیتەڵیان بکەیتەوە ئەوەیە کە خانی شانازی بەزمانی کوردییەوە کردووە و ئەو ویستوویەتی بەزمانی کوردی بنووسێت لە جیاتی ئەوەی بەزمانی عەرەبی و تورکی بنووسێت کە وەکو ئەسپێکی دەستەمۆ وابوون بۆی، هەربۆیەشە بەشان و باڵی زمانی کوردیدا هەڵدەدات. خانی لە ڕێگای شیعرەکانییەوە" زمانی کوردی گەیاندە ئاستی زمانەکانی تری ڕۆژهەڵات"[٣٤].

بەرهەمێکی تری ئەحمەدی خانی فەرهەنگێکی عەرەبی – کوردییە کە بۆ منداڵانی کوردی داناوە. گەلێک جار زمان وەکو پایەیێکی گرنگ بۆ دانپیانانی گەلێک وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ چاوی لێ دەکرێت. پێدەچێت خانیش بیری لەوە کردبێتەوە بۆیە گرنگی زۆری بە زمانی کوردی داوە. هەموو ئەم فاکتەرانەی کە باس کران ئەو تیۆرییە پشتڕاست دەکەنەوە کە خانی بیری ناسیۆنالیستی و "خەوی" تایبەتی خۆی بۆ دەوڵەتێکی کوردی هەبووە.

## ٣-٣- بەیەکگەیشتنی ڕووناکبیرانی کورد لەگەڵ بیرە ناسیۆنالیستییە نوێیەکاندا

تیۆرییەکی تر لەمەڕ هۆشیاری نەتەوەیی کوردەکان ئەوەیە ڕووناکبیرانی کورد وەکو هی عەرەب و تورک و فارسەکان، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیر و بۆچوونە ناسیۆنالیستییەکانی ئەوروپا، ئەویش زیاتر لە کۆتایی ١٨٠٠ و بەدواوە.

بیرە ناسیۆنالیستییەکان گەیشتنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو ل. ٥٢

ئەفریقا و بڵاوبوونەوە، بەو شێوەیەش هەستی گرووپە ئێتنیکییەکانیان وروروژاند کە سەر بە دینی جودا و کولتووری جیاواز بوون و لە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عوسمانی و ئەورپاییەکاندا بوون. مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە ناسیۆنالیزم پەرچەکردارێکی (ڕەد فعلێکی) سروشتی و وەرامێک بوو بۆ کۆلۆنیالیزم کە دەستەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لەژێر دەستدا بوو، نەتیجەکەشی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لێ کەوتەوە.

ناسیۆنالیزم لە دەرەوەی دنیای ڕۆژئاوا، سێ، تایبەتمەندێتی هەیە: ڕەتکردنەوەی کۆلۆنیالیزم، دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین و گەشەکردنی ئابووری و کولتووری و جڤاکی(٣٥). هەوڵی گرووپە جۆراوجۆرەکان بۆ نموونە " یۆنانییەکانی ئاسیای بچووک (تورکیا) خەویان بەدەست خستنەوەی قوستەنتنیپۆلەوە دەبینی، خەباتی کوردەکان بۆ کوردستانێکی ئازاد، ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی، ئەو بزووتنەوە ئاسوورییانەی کە سەر بەکلێسایی جۆراوجۆر بوون و دەیانویست هەڵگری ئەو پەیامە بن کە درێژەدانی ئاشووری کۆنە، هەڵکشانی بزووتنەوەی سەهیۆنیزم، گرنگترینیشیان - ناسیۆنالیزمی تورک، بیری پان - تورکیزم، تورکیایەک کە لەسەر بنچینەی پێناسنامەیەکی دینی و فرە ئێتنیکی (کە بیری خەلیفەی عوسمانی بوو) دانەمەزرابێت بەڵکو دەوڵەتێکی نەتەوەیی تورکی بێت"(٣٦). هەموو ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستییانە کەوتنە دژایەتیکردنی یەکتر، بەتایبەتی ناسیۆنالیزمی تورکی بەرانبەر ئەوانی تر. مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەستپێک بوو بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم بەمەبەستی بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی.

(٣٥) گۆڤاری ڕەهەند ژمارە ٢، فاروق ڕەفیق ل. ٧٠، ١٢١.
(36) Jan Hjärpe, Araber och arbaism s. 121



ڕووناکبیرانی کورد لە مەنفا لەگەڵ بیری ناسیۆنالیزم وەکو دیاردەیەکی مۆدێرن ئاشنا بوون. شاعیری کورد حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧) ناوێکی گرنگە لە پەیوەندی لەگەڵ فۆرمدان بەناسیۆنالیزمی کوردی وەکو بزووتنەوەیەک. حاجی بەناچاری کوردستان بەجێ دەهێڵێت، بەهۆی بیروبۆچوونەکانی لەسەر دین و کەسایەتییە دینییەکانی کوردستان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بۆ خۆی کارەکتەرێکی دینی هەبووە. حاجی قادر ئەستەمبوڵ هەڵدەبژێرێت وەکو شوێنی ژیان کە ناوەندێکی چالاکی سیاسی و کولتووری گرنگی ئەو سەردەمە بووە. حاجی دەکەوێتە ژێر کاریگەری بیرە نوێیەکان لەوانەش ناسیۆنالیزم کە پاشان بەزەقی لە شیعرەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەو دەینووسی و داوای لە کوردەکان دەکرد کە دەوڵەتێکی کوردی دامەزرێنن(٣٧). هەروەک پێشتریش باسم کرد، دەستەواژەی دەوڵەت ناسیۆنال شتێکی نوێ بوو لە سەردەمی حاجی قادردا.

ناوێکی تر کە دەورێکی کاریگەری هەبووە لە گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کورد شەریف پاشا (١٨٥٦-١٩٥١) بوو. ئەو سەفیری سوڵتانی عوسمانییەکان بوو لە ستۆکهۆڵم لە بەینی ساڵەکانی ١٨٩٨-١٩٠٨، لە داڕشتنی پەیمانی (سیڤەر) دا نوێنەرایەتی کورد بووە و پارێزگاری لە داخوازییە نەتەوەیییەکانی کورد و خاکی کوردستان کردووە و، سنوورەکانی کوردستانی دیاری کردووە و نەخشەی کوردستانی پێشکەش کۆنفرانسەکە کردووە(٣٨).

بێندیک ئەندرشۆن، پێیوایە کە سێ ئینستیتشون، سەرژمێری کردنی هاوڵاتییان، نەخشە و مۆزەخانە لەوانەن کە "هاوکاری کۆڵۆنیالیزمیان کرد بۆ درێژەدان بەئاغایەتی بەسەر ئەو خەڵکانەی لەژێر دەستیاندا بوون،

(٣٧) گۆڤاری ڕەهەند ژمارە ٩/ ١٠ ل. ٨٠
(٣٨) ئالەکۆم ڕۆهات، خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری ل١٩٢.

هەروەها ناوچە جوگرافییەکان و ڕەوایەتی بۆ ئەوانەی پێش خۆیان"[٣٩].
ئەندرشۆن خاڵبەندی گرنگی زمان و دەستگای بلاوکردنەوەی نەتەوەیی سیاسی و ئیدیۆلۆگی دەکات و پێیوایە کە دەورێکی گرنگیان هەیە لە بەردەوامی نەتەوەبووندا[٤٠].

خوێندن و پەروەردە دەورێکی گرنگیان بینیوە لە پرۆسەی بەرەو پێشچوونی ناسیۆنالیزمدا. زۆر بەئاسانی دەتوانرێت ناسیۆنالیزم وەکو بزووتنەوەیەک لەگەڵ پەروەردەی گشتی و خوێندنگا گەلییەکاندا، بەیەکەوە گرێ بدرێن[٤١].

ڕووناکبیرانی کوردیش هەستیان بەگرنگی چاپەمەنی کردووە و بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی گرنگیان داوە. یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کە بەزمانی کوردی دەرچوو ڕۆژنامەی "کوردستان" بوو کە لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە لە قاهیرە دەرچوو. ئەوە بوو عوسمانییەکان داوایان لە میسرییەکان کرد کە ڕۆژنامەی "کوردستان" ڕابگرن. براکەی میقداد بەدرخان بەردەوامی بەڕۆژنامەکە دا و گواستییەوە بۆ جنێڤ، پاشان لەندەن و فۆلکستۆن. لەماوەی ١٨٩٨ تا ١٩٠٢، ٣١ ژمارە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دەرچوو[٤٢]. ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە پلاتفۆرمێک بۆ ڕووناکبیرانی کورد، بۆیە عوسمانییەکان لە کوردستاندا قەدەغەیان کردو ئەوانەی کە بیانویستایە ڕۆژنامەکە بەدەست بخەن یا بیانخوێندایەتەوە لە لایەن دەوڵەتەوە دەگیران[٤٣]. ئیمڕۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" بووتە بەشێک لە کولتووری ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەرتاسەری کوردستان و دەرەوەی

(39) Benedict Andeson, s. 157

(٤٠) سەرچاوەی پێشوو، ل. ٧٣

(41) Källa 37, s. 8

(42) F. Shakaly, Classic and modern poetry… s. 45

(٤٣) گۆڤاری ڕەهەند ژمارە ٩/ ١٠ ل. ٨٣



وڵاتیشدا. ئەوەتا هەموو ساڵێک یادی ڕۆژنامەی کوردستان وەکو یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دەکرێتەوە، کورد شانازی بەوەوە دەکەن کە وەکو گەلانی تر خاوەن ڕۆژنامەن.

زمانی کوردی کە وەکو زمانی نووسین کە تا ئێستاش قەدەغەیە لە تورکیا، لە دەرەوەی وڵات بووژاوەتەوە بەتایبەتی لە ئەورووپا، دەکرێت سوێد وەکو بنکەیەک چاوی لێ بکرێت لەم پەیوەندییەدا. ئەو ڕەوشە سیاسییەی کە کوردەکانی تێدایە بەدرێژایی مێژوو ڕێگاگر بووە لە بەردەم بەرەوپێشچوونی زمانی کوردی وەکو زمانێکی ستاندار و نووسین[٤٤].

ئەوەی کە تائێستاش جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە دوای زیاتر لەیەک سەدە بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا هێشتا ڕاگەیاندنی کوردی، لە مەنفاوە بەربەرەکانێی تورکیا دەکەن. وەکو ئەوەی کە تەگەرە خستنەبەر ڕۆژنامەی کوردستان لەلایەن عوسمانییەکانەوە بەمیرات بۆ تورکیای ئێستا مابێتەوە، ئەوەتا دەوڵەتی تورکیا چەندین جار فشاریان خستۆتە سەر دەوڵەتی بەلجیکا و بەریتانیا بۆ ئەوەی کەناڵی ئاسمانی مێدی جاران و مێدیا تی ڤی ئێستا بوەستێنن[٤٥].

سووریاش هەمان سیاسەتی تورکیا بەکاردەهێنێ، بەڵام لە ئێران و بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بۆیان هەبووە دەربچن تا ئەوکاتەی لە چوارچێوەی ئەدەبیدا مابێتنەوە و خۆیان لە سیاسەت هەڵنەقورتاندبێت[٤٦].

خاڵێکی تری گرنگ بۆ کورد و ناسیۆنالیزمی کورد، هەندەران و

(44) Satu Gröndahl, Litteraturens gränsland s. 335

(٤٥) ئێستا، تەلفیزیۆنی ڕۆژ جێگای ئەو کەناڵانەی گرتۆتەوە، بەڵام دیسان تورکیا بەردەوامە لە فشارخستنە سەر دەوڵەتی دانیمارک بۆ وەستانی ڕۆژ تیڤی.

(٤٦) مەبەست پێش ڕاپەڕینی باشووری کوردستانە.

مەنفایە، هەستی نەتەوەیی کوردەکان و هاودەردی و هاوچارەنووسی کوردەکان لە مەنفا زیاتر گڕ دەستێنێ. زۆربەی زۆری ئەو کوردانەی کە داوای مافی پەنابەرێتی دەکەن دەیانەوێت خۆیان بەکورد بناسێنن. مەنفا تەنها گۆڕەپانێکی چالاکی سیاسی ڕووناکبیرانی کورد نییە بەڵکو "کارگەیەکی" بەرهەمهێنانی ناسیۆنالیزمی کوردیشە. ناسیۆنالیزمی کورد لە دەرەوی وڵات خۆی ڕێک دەخات و لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ وڵات[٤٧]. ئەم ڕەوشە بەتایبەتی لە باکووری کوردستاندا کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەیە، لە هۆشیارکردنەوەی هەستی نەتەوەیی، ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردان زمانی کوردیش نازانن بەڵام ڕازی نابن بەهیچ شێوەیەک ناسنامەی کوردایەتی خۆیان بزر بکەن.

تەکنەلۆجیا بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت دەورێکی گرنگ دەبینن بۆ گواستنەوەو پەیوەندی بەردەوام و زانیاری گۆڕینەوە لە نێوان کوردەکانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان.

(٤٧) ڕەهەند ژمارە ٩/ ١٠ ل٩١.



# ٤- پارتە مۆدێرنە ناسیۆنالیستەکانی کورد

## ٤-١ خۆیبوون

بۆ یەکەمین جار ڕووناکبیرانی کورد هەوڵی دروستکردنی پارتێکی مۆدێرنیان دا، بەبێ ئەوەی بەتەواوەتی خۆیان بەسەرکردە کلاسیکییەکانی کوردەوە، ببەستنەوە. ئەوە بوو پارتی (خۆیبوون)یان دامەزراند کە بەمانای سەربەخۆیی دێت ئەگەرچی ئەم وشەیە زۆر بەکار ناهێنرێت بەڵکو زیاتر وشەی سەرخۆبوون یانیش سەربەخۆیی بەکاردەبرێت لە زمانی کوردیدا.

لەو گۆڤارەی کە لەلایەن خۆیبوونەوە بڵاودەکرایەوە، وشەی خۆیبوون بۆ دەستەواژەی سەربەخۆیی بەکارنەدەبرا. پارتەکە ناوی (کۆمەڵەی ناسیۆنالی کورد) بوو کە بەئینگلیزی دەبێتە (Kurdish National League). گەلێک بیروبۆچوون لەسەر کاتی دامەزراندنی ئەم پارتە هەیە. بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە خۆیبوون لە ساڵی **١٩٢٧** لە شاری حەمدانییە لە لوبنان دامەزراوە. نووسەری کورد جەلادەت بەدرخان دەبێتە سەرۆکی[٤٨]. پارتی خۆیبوون یەکێکە لەو پارتە مۆدێرنانەی کورد کە لە دامەزراندنیدا نوێنەرایەتی گەلێک چین و توێژی کۆمەڵگەی کورد بەشدارییان تێدا کردووە. ئەم پارتە لە دوای خۆی گەلێک بەڵگە و کتێبی بەجێ هێشتووە کە تیادا ئامانج و چالاکییەکانی پارتەکەی تێدا دەستنیشان کراوە. بەگوێرەی خاڵی شەشەم لە پرۆگرامی خۆیبووندا، پارتەکە لە بەشی ناوەندی، شاخەی هەرێمی و نوێنەرایەتی تر پێکهاتووە. خۆیبوون بڕیاری دامەزراندنی بەشی سەربازیشی دابوو.

(٤٨) ڕۆهات ئالاکۆم، خۆیبوون ل. ٨-١٣

شێوەیەکی گونجاو بۆ ئەوەی ئەو پارتە خۆی بگەیەنێتە خەڵکی کورد، پروپاگەندە بووە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانن هەستی ناسیۆنالیستی کوردەکان بجوولێنن، ئەمەش هەم بەنووسین و هەمیش بەدەم، داوا لە ئەندامانی خۆیبوون دەکرا کە هەموو ئەو شیعر و گۆرانی و چیرۆکە کوردییانەی کە باسی مامەڵەی خراپی تورکیان بەرانبەر کورد دەکرد، کۆبکەنەوە. بۆ ئەوەیش کەڵک لە مەلاکانی کوردستان کە لەناو خەڵکدا پلەو پایەیەکی گرنگیان هەبووە وەرگیراوە، واتە ئەوان هەڵقەی پەیوەندی نێوان خۆیبوون و گەل بوون(٤٩). خۆیبوون ئەوەی دەزانی کە کۆمەڵگەی کورد بەئاشکرا کاریگەری ئایینی بەسەرەوە بووە، چینەکانی کۆمەڵگەی کورد بەقسەی مەلاکانیان کردووە. دەکرێت بوترێت مەلاکان وەکو ئامرازێکی پروپاگەندەی کوردایەتی وابوون. لە خاڵێکی تری پرۆگرامی خۆیبووندا هاتووە کە هەموو هێزو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ گەشەکردن و پەیوەندییە سیاسییەکان لە باکووری کوردستان و وەکو چارەسەریش بۆ کێشەی کورد، کوردستانێکی سەربەخۆیان وەکو ئامانج و ستراتیجی خۆیان دانابوو.

ئامانج و پرۆاگرمی خۆیبوون:

١- ئامانجی خۆیبوون ئەوە بوو کە داگیرکاریێتی تورک کۆتایی پێبێت و کوردستانێکی سەربەخۆ دامەزرێت، لە پلەی یەکەمدا لە باکووری کوردستان.

٢- بۆ ئەوەی خۆیبوون بگاتە ئامانجەکانی، هەوڵی کۆکردنەوەی کوردەکان لە دەوری خۆی بدات. هەمان کات خۆیبوون بڕیاری هاوکاری و کاری هاوبەشی لەگەڵ "نەژادە" جیاوازەکانی تر دابوو، بەمەرجێک بەرژەوەندییەکانی کورد بپارێزرێت.

(٤٩) سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٤-١٥



٣- هەر کوردێک پرنسیپە نەتەوەیی و مەرجەکانی تری خۆیبوون بپەژراندایە، دەیتوانی ببێت بەئەندامی پارتی خۆیبوون.

٤- ئەوەی کە ببێت بەئەندام دەبوو پارەی ئەندامەتی بدات.

٥- ئەوەی کە بیویستایە ببێت بەئەندام دەبوو لە بەردەم گرووپێک لە بەرپرسانی پارتیدا سوێندی بخواردایە. کە بەم شێوەی بووە" سوێند بەشەرەف و ناموسم دەخۆم کە هەر فەرمانێکی ڕێکخراوەکە بیدا، سەرلەبەری ئەو فەرمانانەی، کە لە لایەن کەسێکی بەرپرس و دەستەکانەوە دەدرێن لە هەر کوێ و لە هەرکاتێکدا بێ، قبووڵ کەم، تەنانەت، ئەگەر سەریشمی تێدا بچێ، مافی ئەوەم نییە، لەسەری هەڵدەمێ و دەقاودەق، وەکو خۆیان چۆنن، بەو جۆرەیان بەجێ بێنم و لە هەر ڕێکخراو و کەسانێک، کە شەخسی، تا ئێستا دەگەڵیاندا هەوسەروکاربووم، بنەبڕ، وازبێنم و لە پێناوی ئامانجی نەتەوەکیدا، لە بیروباوەڕی خۆیبوون بەولاوە، بروا بەهیچ ڕێکخراوێکی دیکە نەکەم"(٥٠).

لە پەیوەندی لەگەڵ خۆیبووندا خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە خۆیبوون پارتێکی بەتەواوی کوردیی بووە، بیری ناسیۆنالیستیش بەتەواوەتی بەسەریدا زاڵ بووە. هیچ ئەندامێکی نەتەوەیەکی تر بۆی نەبووە لە ناو خۆیبووندا ببێتە ئەندام. لە پرۆگرامی خۆیبووندا نەهاتووە کە تەنها کوردی باکووری کوردستان بۆی هەیە ببێتە ئەندام بەڵکو نووسراوە هەر "کوردێک" دەتوانێت ببێتە ئەندام. بەڵام گۆڕەپانی خەباتی خۆیبوون و ئامانجی سەرەکییان دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بووە لە باکووری کوردستاندا. لە ناو دەستگا باڵاکانی خۆیبووندا کوردی شوێنەکانی تری کوردستان هەبوون بەتایبەتی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان.

(٥٠) ئالەکۆم، خۆیبوون ل. ١٦

هەروەک پێشتریش باسم کرد خۆیبوون لە ساڵی ١٩٢٧دا یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەستووە و کۆمەڵێک بڕیاری گرنگیان داوە:

١- هەموو ئەو پارت و گرووپە کوردییانەی کە هەبوون، خۆیان هەڵوەشێننەوە بۆئەوەی ئیمکانی دروستکردنی ڕێکخراوێکی بەرفراوان بڕەخسێنرێت و بتوانرێت هەموو ئەندامانی کۆن و نوێ لەخۆیدا کۆبکاتەوە.

٢- درێژە بەخەبات بدرێت بەدژی تورکەکان هەتا سوپای تورکی لە کوردستان دەکشێتەوە.

٣- ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنی شۆڕشێکی گەلی (گشتی):

* بەرپرسێکی سەربازی دەستەڵاتی بەسەر هەموو هێزە کوردییەکاندا هەبێت.
* سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەو گرووپە چەکدارییانەی کورد کە هەبوون و چەکدارکردنیان بەچەکی نوێ.
* دامەزراندنی بنکەیەکی هەرێمیی بۆ شۆڕش و ئۆرگانی هەرە بڵندی پارتی لە شاخێکی(٥١) سەرکەشی کوردستان کە نەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت.

٤- پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و فارسەکاندا.

٥- دروستکردنی پەیمانی برایەتی لەگەڵ سوریا و عێراق، بەو مەبەستەی کە لەو وڵاتانەدا مافی کوردەکان کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گەرەنتی کراوە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتانەدا(٥٢).

پێ دەچێت خۆیبوون بەبەڵێنەکانی بەریتانیا دەسخەڕۆ بووبێت کە

(٥١) خۆیبوون، چیای ئاراراتی هەڵبژارد وەکو بنکەی خۆیی و ئیحسان نووری پاشا بووە سەرۆکی.

(٥٢) د. ب. شێرکۆ، خەباتی کوردەکان ل. ٩٠-٩١



دابووی بەکوردی ناوچەکانی تری کوردستان. خۆیبوون پشتی بە"پێشنیاری ئۆتۆنۆمی" بەریتانییەکان کە لە ٢٤ ئەیلوولی ١٩٢٢ بەهاوکاری دەوڵەتی عێراقی ئەوسا و یەکیەتی نەتەوەکان بۆ کوردیان، کردبوو: " حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیای گەورە و حکوومەتی عێراق دان بەمافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە سنووری عێراقدا دەژین، کە حکوومەتێکی کوردی تایبەتیی خۆیان لەو هەرێمانەدا دابمەزرێنن کە کورد زۆربەی زۆری دانیشتووەکانیان پێک دەهێنن. هەردووکیان هیوایان وایە، کە کەرتە جۆراوجۆرەکانی کورد بەزووترین کات لە نێوان خۆیاندا لەسەر شێوە و قەوارەی ئەو حکوومەتە ڕێک بکەون کە ئارەزوویانە و نوێنەرێکی ڕەسمی خۆیان بۆ بەغدا بنێرن، تاکو پێوەندیی سیاسی و ئابووری خۆیان لەگەڵ هەردوو حکوومەتی بەریتانیا و عێراقدا باس بکەن(٥٣)." بەڵام وەکی لەسەرەوە دەستنیشان کرا ، خۆیبوون دەوڵەتێکی کوردی بۆ باکووری کوردستان دەویست.

لەگەڵ ئەمانەدا، سەرکردایەتی خۆیبوون هەوڵی ئەوەی دا کە پەیوەندی کورد و گەلی ئەرمەن چاک بکاتەوە. خۆیبوون پێشنیاری ئەوەیان کرد کە هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن ناخۆشییەکان و دڕدونگییەکانی نێوانیان لە بیر بکەن و لاپەڕەیەکی تازە لە هاوکاری و لەیەک تێگەیشتن بکەنەوە(٥٤). هەروەها خۆیبوون ئارەزوومەندی ئەوەبوو کە هاوپەیمانییەک لەگەڵ پارتی ئەرمەنی تاشناق گرێ بدات. ئەوەبوو تاشناق لەلای خۆیەوە

(٥٣) جەمال نەبەز، دۆزی ناسیۆنالی کورد... ل. ١٥

(٥٤) هەروەک مێژوونووسانیش دەستنیشانیان کردووە کە لە دەوروبەر و دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەمدا هەندێک لە سەرۆک خێڵە کوردەکان بەفیتی دەوڵەتی عوسمانی بەشدارییان کرد لە کوشتوبڕی ئەرمەنییەکاندا لە ژێر پەردەی ئاییندا. ئەم کردەوەیە خاڵێکی ڕەشە بەمێژوومانەوە، ئەوەیش دیارییەکی دوا خەلافەتی عوسمانی بوو بۆ کوردان پێش هەڵوەشانەوەی ئەو دەوڵەتە.

هەوڵی دا پشتیوانی ئیتالی و یۆنانییەکان بۆ کورد بەدەست بخات و دەستیان کرد بەگەڕان لەناوچە کوردیەکاندا بۆ ئەوەی ئامانج و ستراتیجی داخوازییەکانی خۆیبوون لەناو کوردەکاندا بلاوبکەنەوە[٥٥].

ساڵی ١٩٢٧ واتە هەمان ساڵ کە خۆیبوونی تێدا دامەزرا، هەردوو پارتی خۆیبوون و تاشناقی ئەرمەنی پرۆتۆکۆڵێکی هاوکارییان مۆرکرد، کە تیایدا بەڕوونی ئەوە دەستنیشان کرابوو کە تاشناق هاوکاری ئابووری خۆیبوون بکات. خۆیبوون هەوڵی ئەوەی دەدا کە لەڕێگای هەڤاڵبەندێتی (تاشناق)ەوە، کە نوێنەرایەتییان لە ئەمریکا و ئەوروپا هەبوو دەنگی کوردەکان بگەیەنێتە جیهان. هەردوو پارت لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە ئەو پەیمانە بەنهێنی بهێڵنەوە. ئەرمەنییەکان چەک و تەقەمەنییان بۆ کوردەکان ڕەوانە دەکرد. بەڵام ئەم پەیوەندییەی خۆیبوون و تاشناق ناکۆکی خستە نێوان سەرکردایەتی خۆیبوونەوە، چونکە لە خاڵێکی پەیمانەکەدا هاتبوو کە نوێنەرێکی ئەرمەنییەکان واتە تاشناق لە کۆبوونەوەکانی خۆیبووندا وەکو چاودێر بەشداری بکات. ئەرمەنییەکان دەورێکی گرنگیان گێڕا لە گەیاندنی دەنگی کوردەکان بەدنیای دەرەوە، بەتایبەتی لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیستیدا لە ساڵی ١٩٣٠ لە نەمسا هەوڵی ئەوەیان دا کە تورکیا لە پای ئەو کارانەی بەدژی گەلی کورد دەیکات، مەحکوم بکرێت[٥٦].

خۆیبوون وەکو پارتێکی مۆدێرنی کوردی لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە گۆڕەپانی چالاکییەکانی خۆی بەرفراوانتر بکات لەوانە پەیوەندی دیبلۆماسی. خۆیبوون نوێنەرایەتی لە ئەمریکا و ئەفریقا و پاریس و لەندەن هەبوو. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خۆیبوون وشیاری ئەوەی هەبووە

(٥٥) سەرچاوەی پێشوو ل. ٢٠٣

(٥٦) ئالەکۆم، خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری ل. ٨٧-٩١



کە دیبلۆماسی لە گەمەی سیاسەتدا بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی. یەکێک لەو کەسایەتییە گرنگانەی کە نوێنەرایەتی خۆیبوونیان دەکرد لە عێراق (شێخ عەبدولڕەحمانی قارس) بووە، کە کۆمەک و پیتاکی بۆ خۆیبوون کۆدەکردەوە لە ناوچەکانی مووسڵ. ساڵی ١٩٣٢ لە لایەن سیخوڕێکی تورکەوە دەکوژرێت، پاشان ئەو سیخوڕە بە ٥٠٠ لیرەی تورکی ئەوکاتە خەڵات دەکرێت. هەروەها دەوترێت تۆفیق وەهبی کە خەڵکی سلێمانی بووە نوێنەرایەتی خۆیبوونی کردووە. خۆیبوون لە سەرتاسەری کوردستاندا لایەنگری هەبووە[٥٧].

لەگەڵ دروستبوونی خۆیبووندا شۆڕشێکی چەکداریش کە پاشان بەشۆڕشی ئاگری ناوبانگی دەرکرد دەستی پێ کردووە. گەلێک باس و خواست لەسەر شۆڕشی ئاگری هەیە، بەڵام ئەوەی کە خۆیبوون دەورێکی گرنگی تێدا بینیوە، گومانی تێدا نییە. ئیحسان نووری پاشا کە ئەندامی خۆیبوون بووە، سەرکردایەتی شۆڕشەکەی کردووە. خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری دوو لاپەڕەی گەشی مێژووی گەلی کوردن و گرنگیی زۆریان هەبووە، هەربۆیە تورکیا گەلێک پیلانی وردی بۆ لە ناوبردنیان کێشاوە.

تورکیا مەترسی ئەوەی هەبوو کە شۆڕشەکە پەل بهاوێ بۆ ناوچەکانی تری کوردستان، بەتایبەتی ئەوان لە هاوکاری کوردەکانی شوێنەکانی تری کوردستان کە دەیان نارد بۆ شۆڕشی ئاگری تووڕە و نیگەران بوون. لەبەر ئەو هۆیانە ئەتاتورک ڕاوێژکارەکانی خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوەی زانیاری زۆرتر لەسەر کوردەکان و سەرۆکەکانیان کۆبکاتەوە. هەروەها ئەتاتورک سەفیرەکانی خۆی لە تاران و بەرلین بانگهێشت کردەوە بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە گفتوگۆکردن لەسەر کوردەکان[٥٨].

(٥٧) سەرچاوەی پێشوو ل. ٤٤

(٥٨) ئالەکۆم ل. ٤٩-٥٢

نوێنەرانی دەوڵەتی تورک، گەلێک ڕێگایان تاقی کردەوە بۆ تەفرەقە دروستکردن لە نێوان سەرکردایەتی خۆیبوون و شۆڕشی ئاگریدا. بۆ نموونە دەستیان کرد بەنامە نووسین بۆ ئەو کەسانەی کە لەناو شۆڕش و خۆیبووندا دەستەڵاتدار بوون بۆ ئەوەی خۆیان تەسلیم بکەن، بەڵام ئەوان وەڵامیان بە نەخێر، بۆ تەسلیم بوونەوە وەرگرتەوە.

ئەو ناوچەیەی کە شۆڕشەکەی تێدا هەڵگیرسێنرا، جێگایەکی گرنگی هەبوو لە جیۆبۆلیتیک و جوگرافیای ناوچەکەدا، چونکە سنووری بەئێران و بەسۆڤیەتەوە بوو. ئەوە کارێکی وای کرد کە تورکەکان چالاکییە دیبلۆماسییەکانی خۆیان زۆرتر بکەن بەتایبەتی لەگەڵ ئێران و سۆڤیەت. بۆ ئەوەی بتوانن پشتیوانی ئەو دوو وڵاتە بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، یا هەر هیچ نەبێت بێلایەنیان بکەن. لە ئەنجامدا، ئێران سیاسەتی خۆی بەرانبەر خۆیبوون گۆڕی و کەوتنە دوژمنایەتی کوردان. تورکەکان کەوتنە هەڵپەی ئەوەی کە کار بکەنە سەر فەرەنسییەکانیش، لە ڕێگای گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ فەرەنسییەکان، هەم لە فەرەنسا و هەم لە سوریا کە لەژێر منداتی فەرەنسییەکاندا بوو. تورکەکان دەیانزانی کە کوردەکان لەگەڵ فەرەنسییەکاندا جۆرە پەیوەندییەکیان هەیە[٥٩].

یەکێک لەو سیفەتە گرنگانەی کە لە خۆیبوون و شۆڕشی ئاگریدا هەبوو و لە شۆڕشەکانی پێش ئەواندا یان نەبوون یانیش کەم بوون، ئەویش سیمبول (نیشانە) بوو وەکو ئاڵا، سروودی نیشتمانی...هتد. ئەم سیمبولانە گرنگییەکی زۆریان بۆ خۆیبوون و ئاگری هەبوو. خاڵێکی تری گرنگ کە خۆیبوون گرنگی پێ دەدا، ڕاگەیاندن بوو لە شێوەی گۆڤار و نامیلکە و ماتریاڵی تر، کە دەوری گرنگیان هەبووە و هەیە لە وروژاندنی هەستی ناسیۆنالیستی و بێدارکردنەوەی گەلێکی بندەست.

---

(٥٩) سەرچاوەی پێشوو، ل. ٥٥-٥٧



خۆیبوون باش لەوە گەیشتبوو کە تەنها لە ڕێگای چەکدارییەوە ناتوانن بەئامانجەکانی خۆیان بگەن و بەسەر تورکەکاندا سەربکەون. دەتوانرێت بوترێت کە خۆیبوون یەکەمین پارتێکی کوردی بووە لەسەردەمی خۆیدا کە توانیبووی سەرنجی ناسیۆنالیستە کوردەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، چ لە کوردستان بووبێت یاخود لە دەرەوە.

جوداییەکی تری شۆڕشی ئاگری و شۆڕشەکانی تر ئەوەیە کە سەرۆک خێڵە کوردەکان و کەسایەتییە ئایینییەکانی کورد ئەو دەورەیان نەبوو وەک ئەوەی لە شۆڕشەکانی پێش ئاگریدا هەیانبوو، بەڵکو سەرکردەی کورد ئیحسان نووری پاشا[٦٠] ڕابەرایەتی شۆڕشی ئاگری دەکرد کە پیاوێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو بوو، هەڵبەت ئەمە مانای ئەوە نییە کە پیاوە دینییەکان نەخوێندەوار بووبن.

ڕۆهات ئالەکۆم لە کتێبەکەیدا بڕگەیەک لە نووسینێکی جەنراڵی بەریتانی W.C. Elphiston دەهێنێتەوە کە وەکو کوردناسێک دەیناسێنێت، ئەو قسانە پشت ڕاست دەکاتەوە لەسەر شۆڕشی ئاگری: "شۆڕشێکی دیکەی کورد کە لە ساڵانی (١٩٢٧-١٩٣٠)دا لە خاکی ئاگریدا ڕووی دا، زۆر جیددیتر بوو. لە ئاکامدا (٤) تا (٦) لەشکری تورک سەرگەرمی ئەوە بوون هێزیان لەم ناوچەیەدا خەست و چڕوپڕ کەنەوە.

---

(٦٠) ئیحسان نووری پاشا (١٨٩٣-١٩٧٦) لە شاری بەدلیس لەدایک بووە و لە ڕێگای خوێندنەوە پلەی ئەفسەری لە ناو سوپادا وەرگرتووە و بەهۆی ئەو پەیوەندییانەی کە هەیبوو لەگەڵ پارتی (جەمعیەتی تەعالی کورستان) کە لەساڵی ١٩١٨ دامەزرا، شارەزایی لە سیاسەت پەیدا کرد بووە. دوای تێکچوونی شۆڕشی ئاگری دەچێتە ئێران و پاشان سوریا کە لە ژێر منداتی فەرەنسییەکاندا بوو. لە ڕۆژنامە کوردیەکاندا گەلێک وتاری نووسیوە، ئەو جگە لەوەی شارەزایی سەربازی هەبوو، نووسەرێکی باشیش بوو. ئەو لە کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە بەرلینی ڕۆژهەڵات ساڵی ١٩٦٠ بەشداری کردووە.

ئەم شۆڕشە هەروا لە خۆڕا هەڵ نەتۆقیبوو، شۆڕشێک بەم بەژن و بارستانەوە دیارە دەبێ هێندێ هۆکاری جیددیی هەبووبن. هیچ بەڵگەیەکی وا بەدەستەوە نییە، نیشانەی ئەوە بێ کە ئەم شۆڕشە لە سۆنگەی ئایینەوە سەری هەڵدابێ"[٦١]. هەمان کات پێ ناچێ شۆڕشی ئاگری وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بۆ لەسێدارەدانی شێخ سەعید و هاوڕێکانی لەلایەن تورکەکانەوە، هەڵگیرسابێ،" یەکەمین نیشانەی ناڕازیبوون بەدژی سیاسەتی تورکەکان شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعید بوو. ئەوە بوو بانگی جیهادی دا، بەدژی دەوڵەتی سیکولاری تورک و بانگی لەهەموو موسڵمانانی تورکیا کرد کە هاوکاری بکەن بۆ گێڕانەوەی خەلافەت"[٦٢].

خەباتی کوردەکان بەشێوەیەکی دڕندانە، لە ساڵی ١٩٣٠، کۆتایی پێهێنرا. تورکیا هەموو جۆرە چەکێک و تاکتیکی سەربازی خۆی بەکارهێنا، هێزی هەوایی دەورێکی کاریگەری بینی لە تێکشکاندنی خەباتی کوردەکاندا. کوردەکان ١٢ فڕۆکەیان خستە خوارەوە و هەزاران کەسیش، لە هەردوو لا، گیانی خۆیان لەدەست دا. تورکیا دەستی کرد بەڕاگوێزانی هەزاران هاووڵاتی کورد و گوندەکانی کوردستانی لەگەڵ خاکدا تەخت کرد. لە ٣٠ ئابی ١٩٣٠دا یەکیەتی کرێکارانی نێودەوڵەتی ناڕەزایی خۆیان بەرانبەر تورکیا دەربڕی لە بەیاننامەیەکدا، کە لە ڕۆژنامەی عەرەبی ئەهرام دا بلاوکرایەوە کە تیایدا هاتبوو:" لیژنەی جێبەجێ کردن، لە نووسینگەی کرێکارانی سۆسیالیستی وڵاتان، سەرنجی دنیا بۆ ئەو کوشتارکارییە ڕادەکێشێ، کە حکومەتی تورکیا، بەرانبەر ئەو کوردانەی ئەکات، کە خەبات بۆ سەربەستییان دەکەن... تورکەکان ئەیانەوێ بەو دەردەیان بەرن، کە بەئەرمەن-یان برد... لیژنەی جێبەجێ کردن بانگی

(٦١) ئالەکۆم ل. ٥٨

(62) Rnue lombron, kurderna - folket utan land, s. 10



جیهان ئەکات، بۆ ناڕازایی دەربڕین بەرانبەر بەو کارەساتە خوێناوییانەی لە کوردستان ڕوودەدەن و، گەلی کوردی تێدا بۆتە قۆچی قوربانی"[٦٣].

ساڵی ١٩٣٠ بەتەواوەتی شۆڕشی ئاگری خامۆش کرابوو. زۆربەی سەرکردایەتییەکەی بەرەو ئێران ڕۆیشتبوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی کورد لەلایەن تورکیاوە دەستگیر کرابوون، کە ژمارەیەکی زۆریان بەمەرگ مەحکووم دران، لە دادگاییەکەدا کە زۆری خایاند، ئەویش بەتاوانی ئەوەی کە لە شۆڕشێکی چەکداریدا بەشدارییان کردووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی. لە ڕاستیدا زانیاری تەواوەتی و دروست لە بەردەستدا نییە، تا ئەوەمان بۆ دیاری بکات کە کامانە سزای مەرگیان بەسەردا درا و چی لە مەحکەمەکەدا وترا، زانیارییەکان تا ئێستاش بەنهێنی لەلایەن تورکیاوە پارێزراون[٦٤].

شۆڕشی ئاگری و، خۆیبوون بەتایبەتی، لە ڕاگەیاندنی ئەورووپادا باسیان لێوە کراوە. لە ڕاگەیاندنی سۆڤیەتیدا وەکو پلانێکی ئیمپریالیزم چاو لە شۆڕشی ئاگری دەکرا، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە پارتی ئەرمەنی تاشناق هاوکاری کوردەکانیان دەکرد و تاشناق دژی سیاسەتی سۆڤیەت لە بەرانبەر ئەرمەنییەکان ڕادەوەستا. ڕووسەکان، ئەو نووسەرە کوردانەیان دەخستە زیندانەوە لە ئەرمەنستان کە دەیانویست هاوکاری کوردەکانی ئەو دیو سنوور بکەن. خۆیبوون سیاسەتێکی دۆستانەی بەرانبەر ڕۆژئاوا هەبوو و لەگەڵ تاشناق پروپاگەندەی دژە سۆڤیەتییان بلاودەکردەوە. ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە سۆڤیەت شۆڕشەکە بەدەستکردی ئیمپریالیزم ناوزەد بکات کە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە، بۆ ئەوەی لە ڕێگای کوردستانەوە خۆیان بگەیەننە قەفقاسیا.

(٦٣) بلەچ شێرکۆ، کێشەی مێژینەو ئێستای کورد ل ٩٧

(٦٤) ئالەکۆم، ل. ٦٠-٦١

ڕۆژنامە تورکییەکان گەلێک وتاریان بەدژی هاوپەیمانێتی کورد و ئەرمەن بڵاودەکردەوە، بۆ ئەوەی هانی سۆڤیەت بدەن سیاسەتی دژی کورد و ئەرمەنی خۆی پەرە پێبدا. لە نێوان ساڵی **١٩٣٢ - ١٩٣٩** خۆیبوون هەوڵی ئەوەی دا کە سیاسەتێکی بێ لایەنانە پەیڕەو بکات، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری خراپی بۆ سەر پەیوەندی کورد و ئەرمەنییەکان هەبوو. لە نێوان ساڵانی **١٩٣٩ - ١٩٤٦** سۆڤیەت پەیوەندی خۆی لەگەڵ کوردەکان، باشتر کرد، بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. خۆیبوون سیاسەتی خۆی گۆڕی و دەیانویست خۆیان لە سۆڤیەتییەکان نزیک بکەنەوە. بەو شێوەیە پەیوەندی و هاوکاری کورد و ئەرمەنیش کە بیست و پێنج ساڵی خایان لەگۆڕ نرا(٦٥).

لە نێوان ساڵانی **١٩٣١ - ١٩٤٦** کۆمەڵێک پێکدادانی چەکداری لە نێوان کورد لەلایەک و ئێران و ئێراق و تورکیا، ڕووی دا. تورکیا دوا شۆڕشی کوردانی لە باکوور سەرکوت کرد لە ساڵی **١٩٣٨** دا و دەستی کرد بەگواستنەوەی زۆرەملێی کوردان بۆ شارە تورکەکان.

مستەفا بارزانی سەرکردایەتی سێ شۆڕشی چەکداری کرد بەدژی دەوڵەتی مەلیکی لە عێراق، **١٩٣١**، **١٩٤٢** و **١٩٤٥**, دەستەڵاتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لاواز بووبوو. هەبوونی سوپای ڕووسی لە ئێران، ڕەوشێکی نوێی هێنایە گۆڕێ بۆ کوردەکان. ئەوەبوو یەکەمین کۆماری کوردی دامەزرا لە ساڵی **١٩٤٦** دا کە تەنها **١١** مانگ دەوامی کرد. سوپای سوور لە ئێران کشایەوە، ئەوەش ڕێگای خۆش کرد بۆ ئێرانییەکان تا هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان برووخێنن(٦٦).

قەدری جەمیل پاشا، کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی خۆیبوون لە

(٦٥) سەرچاوەی پێشوو، ل. ٩١-٩٤

(٦٦) مارتین ڤان برونسین، ئاغا و شێخ و دەوڵەت ل. ٩٧



وتارێکدا باسی ئەوە دەکات کە جەنگی جیهانی دووەم هاوسەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەروبن کرد، ئەوەش وای کرد کە چالاکییەکانی خۆیبوون بپووکێنەوە(٦٧).

لە ڕاستیدا خۆیبوون وەکو لاپەڕەیەک لە مێژوو چاوی لێ دەکرا لەلایەن تورکەکانەوە. ئەوە بوو وەزیری دادی تورکی (ئەسەت بوزکورت) لە ساڵی **١٩٣٩** دا بەڕوونی لە گفتوگۆیەکدا ئاشکرای کرد کە ڕووی ڕاستەقینەی خۆیانی بەرانبەر کوردەکان دەرخست" تورکەکان سەرداری وڵاتی خۆیانن، ئەوەی کە لە نەژادی تورک نییە تەنها مافێکی هەیە، ئەویش کۆیلەیەتی و خزمەتکارییە"(٦٨). ڕەنگە دوا چالاکی خۆیبوون سەردانی جەمیل پاشا و وەفدەکەی بوویێت بۆ کۆماری کوردستان لە ساڵی **١٩٤٦** لەوێ خۆیبوون پشتیوانی خۆی بۆ کۆمار ڕاگەیاند. بەکۆتایی کۆماری کوردستان، خۆیبوونش بووە بەشێک لە مێژووی کوردستان و کۆتایی بەخەباتی **٢٠** ساڵەی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەتایبەتیش بۆ باکووری کوردستان، هێنا(٦٩).

## ٤-٢ کاژێک (کۆمەڵی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد)

هەروەک چۆن شەڕی سارد لەسەر کێشە جیهانییەکان کاریگەری دانا، کاریگەری لەسەر کورد و خەباتەکەی بۆ ئازادی دانا. ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، دوو جۆر پەیوەندییان بەزلهێزەکانەوە هەبوو. ئێران و تورکیا هاوپەیمانی ئەمریکا بوون هەتا سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی **١٩٧٩** دا، ئەوە بوو پەیوەندیی ئەمریکا و ئێران خراپ بوو، بەڵام، سوریا و عێراق لەگەڵ بلۆکی کۆمۆنیستی واتە سۆڤیەت

(٦٧) ئالەکۆم، ل. ٩٧

(68) Faktaserier nr7, 200, s.  7

(٦٩) ئالەکۆم، ل. ٩٧

هەڤاڵبەند بوون. کۆماری کوردستان کە دەستەڵاتێکی سنوورداری بەسەر بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەشکا لەبەریەک هەڵوەشا و قازی مەحەمەدی سەرۆک کۆمار لە سێدارە درا. مستەفا بارزانی کە بەخۆی و چەکدارەکانییەوە پەیوەندی بەکۆمارەوە کردبوو، دەوری گرنگی بینی، تەسلیم بوون بەئێران و عێراقی ڕەت کردەوە و بەڵکو پەنای بردە بەر سۆڤیەت، دوای شەڕێکی نەبەردانە لەگەڵ هەرسێ سوپای تورکی و عێراقی و ئێرانی. ئەوەبوو ١١ ساڵ لە ئاوارەییدا مایەوە هەتا ساڵی ١٩٥٨ کە دەوڵەتی مەلیکی ڕووخێنرا لە کودەتایەکی سەربازیدا، ئەمەش ڕێگای خۆش کرد بۆ گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت. لەو ماوەی کە بارزانی لە سۆڤیەت بوو، گەلی کورد بەشێوەیەکی گشتی لە سەرتاسەری کوردستاندا، تەنها بەچالاکی کولتوورییەوە خەریک بوون.

لە دوای ساڵی ١٩٥٠ وە، بەشێوەیەکی بەرچاو، گفتوگۆیەکی بەردەوام لەسەر ئەوەی کە گەلی کورد چ جۆرە ستراتیجی و شێوە خەباتێک هەڵبژێرێ باڵی بەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا کێشا. نە ڕووناکبیرانی کورد و نە هێزە کوردییەکانیش نەیانتوانی لەسەر ستراتیجییەکی هاوبەش ڕێک بکەون. ئەوانەی کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا، ئۆتۆنۆمییان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە وەک ڕێگا چارە بۆ کێشەی کورد هەڵبژاردووە. ئەم ستراتیجییە لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە گۆڕانی بەسەردا هات بۆ "ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە" بەتایبەتی لە دوایی ساڵی ١٩٧٥ بەشێکی تریش دەڵێن کە کوردیش وەکو هەموو نەتەوەیەکی تر مافی خۆیەتی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی[٧٠].

لە ساڵانی پەنجاکاندا، کۆمەڵێک ڕووناکبیری کورد کەوتنە خۆ بۆ

(٧٠) جەمال نەبەز، دۆزی ناسیۆنالی کورد ل. ٧



دامەزراندنی ڕێکخراوێک کە پاشان لە کاژیکدا خۆیان گرتەوە. کاژیک خۆی وەکو هێزی یانیش بەرەی سێهەم دادەنا، وەک "قوتابخانەی سۆسیالیستی کوردیی" خۆیان دەناساند لە بەراورد لەگەڵ هێزەکانی تر، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق کە لقێکی کوردستانی هەبوو.

کاژیک، دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو کە هەمان کات ستراتیجی ڕێکخراوەکەش بوون. یەکەمیان مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد و دووەمیان گەلی کورد دەبێت "بڕیاری چارەنووس لە ئازادی بۆ ئازادی" بدات. کاژیک تەنها خۆی وەکو ڕێکخراوێک نەدەبینی، بەڵکو وەکو "قوتابخانەیەکی ئیدیۆلۆگی کوردیش". لە کاژیکنامەدا هاتووە "کاژیک وەک لە ناوەکەیدا دەردەکەوێ (ک.ا.ژ.ی.ک) _ واتا کۆمەڵی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد _ فەلسەفەیەکی کوردانەی نوێ و بیروباوەڕێکی نەژادی و پەیامێکی جیهانییە، ئامانجی ژیانەوە و ڕزگاریی کورد و سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی کوردیی تازە لە سەر بنچینەی بیروباوەڕی کاژیکی، بەجۆرێ کە پەیامی نەژادیمان بەجیهان بگەیەنێ"[٧١].

کاژیک لە ١٤ی نیسانی ساڵی ١٩٥٩ دا لە باشووری کوردستان لە لایەن گرووپێک ڕووناکبیری کورد کە پێکهاتبوون لە نووسەران، هۆنەران، زانایانی کۆمەڵگە و زمان و فیزیک و کیمیا و قانوون و ...هتد. ئەمەیش دوای گفتوگۆیەکی گەرم لەسەر ڕەوشی کورد و سیاسەتی ناوچەیی و نێودەڵەتی[٧٢]. کاژیکنامە کە لەساڵی ١٩٦١ دا بڵاوبووەوە، وەکو دیکۆمێنتێکی بنچینەی ڕێکخراوی کاژیک چاوی لێ دەکرێت، سەرەڕای

(٧١) کاژیکنامە، ١٩٦٨، ل١٤.

(٧٢) جەمال نەبەز، بیری نەتەوەییی کوردی، ل. ٢٠٢ پەروایزی ژمارە ١

ئەوە وەکو ئایدۆلۆگییەکی نوێ، کە بنکەیی کارکردنی لە کوردستاندا بوو. ئەم دیکۆمێنتە بەرئەنجامی دوو ساڵ گفتوگۆی نێوان کۆمەڵێک ناسیۆنالیستی کورد بوو.

جەمال نەبەز، کە بۆ خۆی لە بناغەدانەرانی کاژیکە، بەم شێوەیە باس لە هەلومەرج و دروستبوونی کاژیک دەکات: لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکاندا، بیروباوەڕێکی هاوبەش لە ناو گرووپێک ڕووناکبیری کورددا بەرجەستە بووبوو. ئەم بیروباوەڕە نوێیە کەوتنە ڕەخنە گرتن لە سەرکردایەتی کلاسیکی کورد و دەستەی وردە بۆرژوای کورد بەکوردستانی و ناکوردستانییانەوە(٧٣). ئەم ئارەزووە هاوبەش کرایە هێزێک و کاژیکی لێ دروست کرا. کاژیک بەتوندی کەوتە دژایەتی و ڕەخنەگرتن لە برایەتی کورد و عەرەب و تورک و فارس کە بووبووە بنێشتە خۆشەی سەر دەمی هەندێک لایەنی چەپ و مارکسی و تەنانەت داگیرکەرانی کوردستانیش بۆ ئەوەی کوردی پێ لە خشتە بەرن. ئەم ڕەخنەگرتنەی کاژیک لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە کوردەکان وەکو برای ڕاستەقینە کە مافی وەکو ئەو نەتەوانەی کە باس کران هەبێت، بەڵکو کورد بە"تورکی چیایی" ناودەبران لە لایەن تورکەکانەوە و وەکو خێڵێکی کۆنی فارس لە لایەن فارسەکان و، عەرەبەکانیش بەبەشێک لە نەتەوەی عەرەبییان دەقەبڵاندن(٧٤).

فەلسەفەی کاژیک لە سەر بناغەی ئەوەی کە مرۆڤەکان گرووپێکن کە ناتوانرێت دابەش بکرێن و بخرێنە خانەی جیاوازەوە، داڕێژرابوو.

کاژیک لە سەردەمانێکدا دامەزرا کە بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و چەپگەرایی نفوزێکی زۆریان لە باشووری کوردستان و عێراقدا هەبوو. حیزبی شیوعی عێراقی، حیزبێکی بەناوبانگ بوو لەناو گەلی کورددا،

(٧٣) سەرچاوەی پێشوو ل. ١٧٤

(٧٤) هەمان سەرچاوە ل. ٦٨-٦٩



بەتایبەتیش لەناو جوتیارەکاندا. ئەگەرچی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە (جگە لە سوریا ) دان دەنێن بەمافی چارەنووسی گەلی کورددا و ڕەخنە لە وڵاتەکانیان دەگرن لە پای سیاسەتی خراپیان بەدژی گەلی کورد، بەڵام لەبەراورد لەگەڵ تێڕوانینی فەلسەفەی مارکسیسم-لینینیزم لە نەتەوە، ئەو حیزبانە بێ کەموکوڕی نەبوون. ئەم پارتانە هەمیشە سنوورەکانی ئەو وڵاتانە یاخود یەکپارچەیی ئەو وڵاتانەیان پاراستووە کە لە کردەوەدا دژی مافی بڕیاردانی مافی چارەنووسی گەلی کوردە(٧٥).

ستراتیژی سیاسی کاژیک و ئامانجەکانی دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆ بکرێنەوە:

١- کاژیک باوەڕی بەوەیە کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی بلیمەت و ڕابردوو ڕۆشن و دامەزرێنەری گەلێک کولتوور و شارستانێتی بەناوبانگ بووە. هەروەها لە مەیدانی سروشتی بەرزی وەک مەردایەتی و ئازایەتی و وەفاداری و خۆنەویستی بێ هاوتابووە. ئەم نەتەوەیە هەر لە کۆنەوە پەیامێکی مێژوویی بووە بیگەیەنێتە جیهان. هەڵگری ئەم پەیامە یەزدانییە لە دەورانی کۆندا پێشڕەوی مەزن "زەردەشت" بوو. بەڵام هەندێ کارەساتی تایبەتی بەرگێکی بێگانەی کردووە بەبەر ئەو پەیامەدا و لەهەمان کاتدا کانگای بلیمەتی ئەم نەتەوەیەی شاردۆتەوە. لەبەر ئەوە پێویستی بەڕاچڵەکین و خۆتەکاندنێک هەیە تا ئەو بەرگە پیسە لەبەر خۆی داکەنێ و بچێتە شوێنی خۆی لە ریزەکانی پێشەوەی قافڵەی گەلاندا و پاشماوەی ئەو پەیامە نەمرە لە شێوەیەکی مۆدیرن (عصری) دا بەنەوەی ئینسان بگەیەنێ.

٢- کورد لە بەرئەوەی دەمێکە بیروباوەڕێکی نەتەوەیی خۆی نییە

(٧٥) ڕەفیق سابیر، بەرەو مێژوو ل. ٩٣-٩٤

جێگەیەکی چۆڵ کەوتووەتە ژیانی کوردایەتییەوە و هەتا ئێستە ئەو جێ چۆڵە بەچەند بیروباوەڕێکی بێگانە پڕبووتەوە. بەڵام ئەو بیروباوەڕانە چونکە خۆیی نەبوون، کوردیان نەگەیاندۆتە ئامانج. لەبەر ئەوە پێویستە لە ڕێگەی بیروباوەڕێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕەوە ئەو بۆشاییە بیروباوەڕانەیە پڕ بکرێتەوە و ئەو شۆڕشە فکرییە بەرپا بکرێ. هەر بیروباوەڕێکیش خۆیی نەبێ کاژیک بەربەرەکانێی ئەکات.

٣- کاژیک پێی وایە دەردەکانی کورد هەموو ئەچنە سەر یەک بنچینەو ئەبێ لە بنەڕەتەوە تیماربکرێن. لەبەر ئەوە بڕوای تەنها بەو چارەسەرکردنەیە کە ئەگاتەوە سەر ڕەگوڕیشە. کەواتە بڕوای بەهیچ چارەسەرێکی وەختی و ڕووکەش نییە. هەرلەبەر ئەوەیە بڕوای تەنیا بەبەکارهێنانی هێزە و بەهیچ جۆرێک بەکرداری ڕواڵەتانە و کەموکورت و نیوەناچڵێ وەک نوێنەر هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی بێگانان و نووسینی پرۆتستۆنامە و ئیمزاکۆکردنەوە و متمانەکردن بە"سەربەستی دیمۆکراسییانە" نییە. چونکە پێی وایە هەموو مافێک کە بەزۆر زەوت کرابێ هەر بەزۆر ئەستێنرێتەوە.

٤- کاژیک داگیرکەرانی کوردستان هەموو بەیەک چاو تەماشا ئەکا و کوردستان تەنیا بەموڵکی کورد ئەزانێ و ئەبێ کورد هەر خۆی فەرمانڕەوا بێ لە کوردستاندا. لەبەر ئەوە بڕوای بەو برایەتییە درۆزنەیە نییە کە لە ڕێگەیەوە سەروەت و سامانی بەتاڵان ئەبرێ و لە کەمترین مافی مرۆڤانە بێ بەش ئەکرێ. لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایی هەموو ناکوردێک بەسەر کوردستاندا بەکارێکی ناشەرعی ئەزانێ.

٥- کورد خۆی خۆی ڕزگار ئەکا لەڕێی بیروباوەڕی پاکی کوردایەتییەوە. لەبەر ئەوە کاژیک هەر پشت بەکورد ئەبەستێ و بڕوا بەهیچ بێگانەیەک ناکا و هەرکەسێ بڵێ "بێگانە کورد ڕزگار ئەکا" یان بەساویلکە یان



بەدوژمنی دائەنێ. چونکە ئاشکرایە کە بێگانەیەک دەوڵەت بۆ کورد دروست بکا لە هیچە زۆر بەئاسانی لێشی ئەسێنێتەوە.

٦- کاژیک ڕێزی هەموو نەتەوەیەک ئەگرێ بەو مەرجەی تەماع نەکەنە کوردستان. هەروەها بەتەماش نییە کە ئەو کەمە نەتەوانە بتوێنێتەوە کە لە کوردستاندان بەو مەرجەی ناپاکی لەگەڵ کورد و بیروباوەڕی کاژیکدا نەکەن.

٧- کاژیک حیزبی چینێکی تایبەتی نییە و بڕوای بە(ئیمتیازاتی چینایەتی و بنەماڵەیی) نییە و تەنیا بڕوای بەجیاوازیی مێشک و لەش هەیە. لەبەر ئەوە بەربەرەکانێی هەموو جۆرە (استغلال و احتکار و استسمار)ێک ئەکا، واتا لە باری سەرنجی ئابوورییەوە حیزبێکی سۆسیالیستانەیە و باوەڕی تەواوی بەدادی کۆمەڵایەتی هەیە.

٨- کاژیک زۆر بەتوندی ئەوەستێ بەرامبەر بەستنەوەی(اقصادیات)ی کوردستان بە(اقتصادیات)ی وڵاتە داگیرکەرەکانەوە و هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی ئابوورییانەی ناوێ کە لەسەر حسابی دروستبوونی (جیوب) و بنکەی بێگانان بێ لە کوردستاندا.

٩- دەوڵەت بەلای کاژیکەوە دامودەستگایەکە بۆ پێگەیاندنی نەتەوەکەمان لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی کاژیکانە و گەیاندنی پەیامە مێژووییەکەمان بەهاونەژادان و تەواوی جیهان. کاژیک دان بەهیچ چەشنە دەوڵەتێکی تردا نانێت.

١٠- لە بەرئەوەی کورد نەتەوەیەکە پەیامێکی مێژوویی یەزدانی جیهانی نەمری پێ سپێردراوە تا بیگەیەنێ بەهەموو ئادەمیزاد و لەبەر ئەوەی ئاڵا هەڵگری ئەم پەیامە (زەردەشتی نەمر) پێی نەکرا دەنگی زەنگی یەزدان بگەیەنێتە هەموو گۆشەیەکی جیهان و پاش خۆشی

بیروباوەڕەکەی کەوتە دەست بێگانە و تێکدرا، لەبەر ئەوە نەوەی نوێی کورد بەرپرسیار (مەسئول)ە لە تەواوکردن و درێژەپێدانی ئەو پەیامە لەشێوە و قاڵبی راستی خۆیدا بۆ ئەمەش:

أ- نەتەوەی کورد خۆی خاوەنی راستەقینەی ئەو پەیامەیە. لەبەر ئەوە گەیاندنی ئەو پەیامە بەجیهان ئەبێ لەسەرچاوە بنچینەییەکەیەوە دەست پێ بکاتەوە، واتە لە ڕێگای کورد خۆیەوە بێ.

ب- هاونەژادانی کورد کە بەخێزانی"نەژادی ئاریا"(٧٦) ناسراون هەر لە کۆنەوە هاوبەشی کورد بوون لەو پەیامەدا. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەریان پشتگیری و هاوکاری کورد بکەن لەم ڕووەوە.

ت- گەیاندنی پەیامی ئاریایی بە جیهان، پێویستی بەدەوڵەتێکی بەهێزی ئاریایی هەیە کە باوەڕی بەم پەیامە بێت و هەموو ئەو نەتەوانەی بەم ناوەوە ناویان ڕۆییوە بەشێوەیەکی فیدراڵی کۆبکاتەوە. بەڵام دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە تەنیا پاش ڕزگاریی کورد و سەربەخۆیی تەواوەتی کوردستان ئەبێ. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەموو هاونەژادێک بۆ سەربەخۆیی و رزگاریی کوردستان شان بەشانی کوردەکان تێبکۆشێ.

ێ- دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی لەم نەتەوانە و لەژێر ئاڵای ئەو پەیامەدا گەورەترین بەربەستێکە بۆ راگرتنی لێشاوی شیوعێتی و یەکێتیی عەرەب و یەکیەتی تۆرانی و یەکێتیی ئەوروپا و هەموو جۆرە

(٧٦) لە ئینسکلۆپیدیای سوێدیدا بەم شێوەیە پێناسی "ئاریایی" دەکات:
١- کەسێک کە لە نەژادی باکووری (مەبەست سکندەناڤیا)یە، بەگوێرەی بیروباوەڕی نازیستەکان.
٢- مەبەست لەو گەلانەیە کە بەزمانی هیندۆئەوروپایی دەئاخڤن لە هیندستان و ئێران.



خەتەرێکی ئیدیۆلۆژی و سوپایی تر کە بۆ سەر ئەم نەژادە و پەیامە یەزدانییەکەی خۆی بکوتێ(٧٧).

کاژیک وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی تەنها ڕەخنەکانی ئاراستەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان نەدەکرد، بەڵکو ڕەخنەی لە پارتە سیاسییەکانی کوردیش دەگرت، چونکە ئەوان پێیان وابوو کە ئەو پارتانە بەڕوونی ستراتیجی و ئامانجە سیاسییەکانیان بۆ خەڵک شی نەکردۆتەوە. کاژیک پێیان وابوو " ئەو حیزبانەی کە تائێستا لە کوردستاندا دروست بوون هیچیان لەسەر بناغەی بیروباوەڕێکی نەتەوەیی ڕەسەنی ڕێکخراو دانەمەزراون. بۆیە هیچ کامێکیان نەیانتوانیوە شۆڕشێکی فیکری بەرپا بکەن و لە ئەنجامدا بگەنە ئەنجام"(٧٨).

کاژیک زۆر بەڕوون و ئاشکرایی دژایەتی کۆمۆنیستەکانی دەکرد لە کوردستاندا و بەچاوی نوێنەرایەتی بیروباوەڕێکی نامۆ لە کوردستاندا تەماشای دەکردن، کە کاریگەری خراپیان لەسەر کۆمەڵگای کوردی دانابێت، بۆیە سەرکردایەتی کاژیک پێیان وابوو کە دروستبوونی کاژیک پێویستییەکی مێژوویی بوو بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبوو.

زۆربەی تورک و عەرەب و فارس، ئەوانەشیان کە بیروباوەڕی کۆمۆنیستییان هەیە، هەبوونی نەتەوە بە"دەوڵەتی ناسیۆنال"ەوە گرێ دەدەن. دەوڵەتە داگیرکەرەکانیش تەنها ئەو گەلانە بە نەتەوە دەزانن کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیانن(٧٩).

کۆمۆنیست و مارکسییەکان پشت بەتیۆرییەکەی ستالین بۆ نەتەوە،

(٧٧) کاژیکنامە، ١٩٦٨، ل. ١٧-١٨ (ئەو خاڵانە بەبێ دەستکاریکردن لە کاژیکنامەوە وەرگیراون)
(٧٨) سەرچاوەی پێشوو. ل ١٧
(٧٩) جەمال نەبەز، دۆزی ناسیۆنالی کورد.ل. ٤٢

دەبەستن، کە دەڵێت بۆ ئەوەی گەلێک بە نەتەوە دابنرێت دەبێت بۆ نموونە "ئابوورییەکی ناوکۆییـیان هەبێت". کەچی ئەو دەستەواژەی "دەوڵەت" بەکار نابات تا گەلێک وەکو نەتەوە تەماشا بکرێت یان نا(٨٠).

ئەگەر بەگوێرەی ئەم تیۆرییە بێت زۆر گەلی جیهان ناکەونە چوارچێوەی نەتەوەبوونەوە بۆ نموونە کورد و بەلوچی (لە بەلوچستانی ئێران و پاکستان دەژین). لە ڕێگای دەوڵەتەوە دەتوانرێت بازاڕێکی هاوبەش و ئابوورییەکی ناوکۆیی دابمەزرێنرێت. ئەم کێشەیە هەر لەسەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ وە لەلایەن کاژێکەوە گرنگی پێ دراوە و گفتوگۆی لەسەرکراوە و ڕەت کراوەتەوە. ئەو پەرەگرافەی لە کاژێکنامەدا نووسراوە لەسەر تێزەکەی ستالین و کۆمۆنیستەکان بەم شێوەیەیە:

ستالین بەفەیلەسووفی شیووعییەکان ئەژمێردرێ لە ڕووی شیکردنەوەی گیروگرفتەکانی نەتەوایەتییەوە بەپێی سەرنجی مارکسێتی. ستالین "ئابووری هاوبەش" بەگەورەترین نیشانەی نەتەوە دائەنێ و ئەیخاتە پێش ئەرز و زمان و مێژوو و هەستی هاوبەشییەوە. بێجگە لەوەش ستالین "دەوڵەت" بەنیشانەی"نەتەوە" دانانێ. چونکە لای وایە – کە ئەمە راستیشە – هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی نەبوو و نەبێ ئیتر نەتەوە نەبێ. کەچی سەیر ئەوەیە هەر ستالین خۆی " ئابووری هاوبەش" بەنیشانەی هەرەگەورەی "نەتەوە" دائەنێ. کەواتە دیارە ستالین لە ژێرەوە دان بەوەدا ئەنێ کە دەوڵەت دەستێکی زۆر باڵای هەیە لەم رووەوە. چونکە ئەوەی راستی بێ (دەوڵەت) و (ئابووری) لەیەک جیا ناکرێنەوە. ئەی ئەگەر وانییە بۆچی شیووعییەکان هەوڵ ئەدەن هەرچی دەوڵەتی دنیا هەیە بیخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە؟ ئەی ئایا ئەمە بۆ ئەوە نییە کە ڕژێمی ئابووری ئەو دەوڵەتانە بگۆڕن لە ڕێگای دەست بەسەرداگرتنی دەوڵەتەوە؟ خۆ ئەگەر

(٨٠) سەرچاوەی پێشوو ل. ٤٨



دەوڵەتیان بە شتێکی گرنگ نەزانیایە ئەبوو بیانتوانیایە بەبێ دەستگرتن بەسەریدا ڕژێمە ئابوورییەکەی نەگۆڕن"(٨١).

کاژێک هەموو ئەم بیروبۆچوونانەی ڕەت دەکردەوە و گەلی کوردی وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ تەماشا دەکرد. لە کاژێکنامەدا هاتووە کە کوردایەتی هەر لە دێرزەمانەوە هەبووە و، ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی وەکو دوو تیۆریزانی کورد چاو لێ دەکەن، هەروەک لەم نووسینەدا پێشتریش لەمەڕ ئەحمەدی خانی و کەمێکیش حاجی قادرەوە دوام.

یەکێک لە کۆڵەگەکانی کاژێک "یەکسانی بۆ گەل" و "کوردستان تەنها موڵکی کوردە"یە. کاژێک ئیدیعای ئەوە دەکات کە ئەو پارتە هە رلە سەرەتاوە لەسەر بنگەیی "دادی کۆمەڵایەتی" دامەزراوە و خۆی بەپارتێکی سۆسیالیستی دادەنێ، ئەمەش لە ترسی شیووعییەکان نا. ئەو سۆسیالیزمەی کاژێک بانگاشەی بۆ دەکرد لە بنەڕەتدا "سۆسیالیزمێکی کوردی"، ئەمەش نە پشتبەستن بەوەی کەکۆمەڵگای کوردی یەکەیەکی یەگرتوو و دابەش نەکراوە.

کاژێک دەڵێت، ناتوانرێت باسی ئازادی سیاسی بکرێت ئەگەر لە کۆمەڵگای کوردیدا، مرۆڤ موناقەشەی ئابووری ئازاد و گەشەکردنی کۆمەڵگا و نەهێشتنی نەخوێندەواری نەکات. هەربۆیە بانگی هەموو گەلی کوردی دەکرد کە هێزی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی لە گەشەکردنی کۆمەڵگا لە هەموو لایەکەوە، بەشداربن. سۆسیالیزم ئامانجێک نەبوو بۆ کاژێک وەکو ئەوەی کۆمۆنیستەکان خەباتیان بۆ دەکرد، بەڵکو وەسیلەیەک بوو بۆ ئەوەی هەموو کوردێک مەجالی ئەوەی بۆ بڕەخسێت بەپلەی باڵا بەرهەم بئافرێنن، بۆئەوەی هاوکاری "نەتەوەکەیانی" پێ بکەن. کاژێک بەرنامەی بۆ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگای فیوداڵی هەبوو، هەروەها هەموو شەریکە

(٨١) کاژێکنامە ل. ٩-١٠

گەورەکان و پرۆژە ئابوورییەکان خۆماڵی بکات و، پشتیوانی شەریکە بچووکەکان بکات[٨٢].

کاژیک پێی وابوو کە بیروباوەڕە "بیانییەکان" کاریگەری مەنفییان لەسەر کۆمەڵگای کورد داناوە و بوونەتە هۆی ئەوەی کە گەلی کورد هەستی بڕوابەخۆبوونی نەمێنێت و هەمیشە چاوی لە دەستی هێزە بیانییەکانەوە بێت و بەخۆشحاڵییەوە بیروباوەڕە بیانییەکان دەڵێنەوە کە خۆی لەخۆیدا ڕێگای لەبەردەم گەشەنەکردنی کۆمەڵگای کوردیدا کردۆتەوە. کوردەکان دەرس لە هەڵە مێژووییەکانیان وەرناگرن، بەڵکو بەبەردەوامی دووبارەی دەکەنەوە. کاژیک سەرنەکەوتنی کوردەکانی لە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبەستەوە بەوەی کە "بنکەیەکی ناسیۆنالیستیان" نییە بۆ ئەوەی بتوانن بەرەژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد لە گۆڕەپانی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا بپارێزن، بۆیە ئەوان خۆیان وەکو نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کورد دادەنا، چونکە پێیان وابوو ئەوە ئەوانن کە دەتوانن ئەو بارە هەڵگرن[٨٣]. کاژیک بەتوندی کەوتنە بەر ڕەخنەی کۆمۆنیستەکان لە کوردستاندا و، کاژیکیان بەوە تاوانبار دەکرد کە دەیانەوێت دەوڵەتێک لە سەر بنەمای ئێتنیکی- نەژادی دامەزرێنن. ئەمەش مەترسی ئەوەی لێ دەکرا کە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی دژایەتی نێوان دانیشتوانی کوردستان. ئەمیری حەسەن پوور ڕەخنە لە ناسیۆنالیزمی کورد دەگرێت، چونکە نەیتوانیوە خۆی لە دەستی فیودالەکانی کورد ڕزگار بکات کە خاوەن هێزێکی دۆمینانتن لە کۆمەڵگای کوردییدا. هەروەها ئەوان نەیانتوانیوە، بیروباوەڕەکانیان دیموکراتیزە بکەن، ئەمە سەرەڕای کلێشەی ڕێکخراوەیی و هێزی سەربازییان[٨٤].

(٨٢) کاژیکنامە ل. ١٦-١٧

(٨٣) کاژیکنامە ل. ١٤-١٥

(٨٤) هاڤیبوون، ژمارە ١١ ٢٠٠٢ ل. ١١



حەسەن پوور، کاژیک بەوە تاوانبار دەکات کە دەیانویست نەتەوەیەکی کوردی لەسەر بنەمای ئێتنیکی بئافرێنن. ئەو پێی وایە ئەگەر کاژیک بیتوانیایە بەئامانجە سیاسییەکانی خۆی بگا، ئەوا دەبووە کارەسات هەم بۆ کورد خۆیی و هەمیش بۆ کەمینەکانی کە لە کوردستاندا دەژین و هەروەها بۆ بەرو دراوسێکانی کورد. تەنانەت ئەو پێی وایە کە کاژیک ئیلهامیان لە نازیزتەکانەوە وەرگرتووە و بەتایبەت مەسەلەی "نەژادی ئارییایی"، کە کورد خۆی بە بەشێک دەزانێ لێی[٨٥].

کاژیک هەر لە سەرەتایی دروستبوونییەوە، خۆی وەکو پارتێک کە تەنها ئەندامەکانی کوردن دەرخست و ئەمەشی لە دیکۆمێنتێکدا بڵاوکردەوە و تیایدا باسی ئەوەیان کردووە کە ئەوان نوێنەری کەمینە نەتەوەکانی کوردستان نین، بەڵکو ئەوان دەبێت بەخۆیان ڕێکخراوی سەربەخۆیان دامەزرێنن.

"قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کوردی" کە لەڕاستیدا مەبەست لە کاژیکە تەنها "فەلسەفەیەکی ڕۆژهەڵاتییانەیە" کە ددان دەنێت بەمافی کەمایەتییەکاندا. لە پەیوەندی لەگەڵ مافی کەمایەتییەکاندا دەڵێن:

١- کاژیک بەهەموو هێزێکەوە دژی ئەو هەوڵ و تەقەلایانە دەوەستێ کە ئامانجیان نیشتەجێکردنی بێگانەیە لە کوردستاندا، و ئەمەش بەمەترسییەکی گەورە دادەنێ بۆ سەر کیانی ناسیۆنالی نەتەوەی کورد و یەکیەتی جوگرافیایی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستەدا.

٢- کاژیک بڕوای وایە کە تواندنەوەی نەتەوەیەک تاوانێکە شێوای لێ بووردن نییە. ڕەگەزی کورد مافی ئەوەی نییە ڕەگەزانی دی بەزۆر بتوێنێتەوە. لەبەر ئەوە کاژیک هەوڵی پاراستنی هەموو کەمایەتییەکی ئێتنی و ڕەگەزێکی جیا لە کورد دەدات، لەوانەی کە لە کۆنەوە لە

(٨٥) هاڤیبوون، ژمارە ١١، پەراوێزی یەکەم.

کوردستاندا دەژین. کەمایەتییە ئێتنیکییەکان بەپێی سەرنجی کاژیک مافی هاووڵاتێتی کوردیان هەیە بەتەواوی. مافی ئەوەیان هەیە کە ئەوانیش شانازییە ناسیۆنالەکانی خۆیان و کەلەپووری کۆنیان بەهەموو ڕێزێکەوە بپارێزن و کەس نەتوانێ دەست درێژ بکات بۆیان. ئەوانیش پێویستە لەسەریان کە گەلەکۆمەکە لە کورد نەکەن و ناپاکی بەرامبەر بەکوردستان نەکەن، واتە کوردستان بەنیشتیمانی خۆیان بزانن(٨٦).

"قوتابخانەی نەتەوەیی کوردی-" ئەو بیروبۆچوونانەی کە پێیان وایە "ناسیۆنالیزم" کە "بیرێکی سەرەتایی و کاڵوکرچی" بیری نەتەوەییە، دەستکردی چینی بۆرژوای نەتەوەکان بێت، وەکو مارکسییەکان ئیدیعای بۆ دەکەن؛ بەڵکو " بەهەستێکی سروشتی و خۆڕسکی دەزانێ، کە لە ڕۆژی لەدایکبوونی نەتەوەیەکەوە پەیدا دەبێ، دوورییە ژیارییەکانی بەپێی گۆڕانی کۆمەڵگەی ئادەمیزاد دەگۆڕێ، و لە کۆمەڵگەیەکی "ئازادی یەکسان" دا دەگاتە پلەی تەواو بوون". کەوابوو " بەپێی بیری نەتەوەیی کوردی ـ "نەتەوەیەکی یەکگرتووی هاوئاهەنگ، تەنێ لە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەییدا دروست دەبێ".

بە گوێرەی ئەم تیۆرییەی قوتابخانەی نەتەوەیی کوردی بێت، هەستی ناسیۆنالیستی لە هەموو سەردەمێک و لای هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هەبووە و هەیە، واتە لە سەردەمی دەرەبەگایەتییەوە بگرە تاپلەی بۆرژوایی و تەنانەت لە کۆمەڵگایەکی یەکسانیشدا هەر دەمێنێ. ئەم قوتابخانەیە مەرجی سەرەکی نەتەوەبوون دەبەستێتەوە بە"چارەنووسی هاوبەشی گەلێک" و بەزمانێکی تایبەتی دواندن یان بیانەوێت بەزمانێکی تایبەتی بدوێن لەگەڵ کولتوورێکی یەکگرتوو"(٨٧).

---

(٨٦) جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی، ل١٩١,- ١٩٢

(٨٧) جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی ل١٩٣,- ١٩٤



لە دوای ساڵی ١٩٦١ەوە باشووری کوردستان کرایە گۆرەپانی شەڕی نێوان شۆڕشی کورد و ڕژێمی عێراق. لەدوای ساڵی ١٩٥٨ چەند کودەتایەکی سەربازی لە عێراقدا کران کە کودەتای بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ یەکێک بوو لەوانە. ساڵی ١٩٧٠ ڕێکەوتنی ١١ی ئازار مۆرکرا، کە بۆ یەکەمین جار ڕژێمی عێراق ناچار کرا دان بنێت بەمافە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکانی نەتەوەی کورد، لە باشووری کوردستان.

کاژیک ڕەخنەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرت کە بۆچی داوای سەربەخۆیی کوردستان ناکەن بەڵکو لە بازنەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا دەخولێنەوە. بەڵام کاژیک پشتیوانی سەرکردایەتی پارتی دەکرد و هەندێک لە سەرکردەکانی کاژیک لە لای مستەفا بارزانی بوون. ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ئامانجی سەرەکی وردە بۆرژوای کورد بوو لە بەینی ساڵانی ١٩٥٦-١٩٧٥ هەمان کات چینی وردە بۆرژوای کورد، کەوتنە گوتنەوە و بەکارهێنانی دەستەواژەی، پارتی پێشڕەو و سەرۆکی تاقانە و تەنها میراتگر و شتی لەو بابەتە. هەڵبەت کاژیکیش تووشی هەمان دەرد بوو بوو، جگە لە خۆی کەسی تری بەنوێنەری کورد و کوردستان نەدەزانی و هیچ کام لە بەندەکانی پرۆگرامەکەی نەخستە پراکتیکەوە و بەڵکو هەر لەسەر کاغەز و لە ناو بازنەی چەند ڕووناکبیرێکی کوردا قەتیس دراو، پووکایەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە، "دەوڵەت" کراوەتە شتێکی پیرۆز و نابێت پارچە پارچە بکرێت و گۆڕانی بەسەردا بێت. بۆیە هەموو هەوڵدانێکی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری وەکو "جوداخوازی" تەماشا دەکرێت. "جوداخوازی" کراوەتە چەکێک و بەدژی کورد بەکاردەهێنرێت لەو وڵاتانەدا. لە سێ لاوە کورد وەکو جوداخواز چاوی لێ دەکرێت:

گرووپی یەکەم شۆفینیزمی عەرەب و تورک و فارسن. ئەمە سەرەڕای

ئەوەی کە عەرەبەکان خۆیان کەڵکیان لە هەموو جۆرە کردەوەیەکی سیاسی و سەربازی وەرگرتووە بۆ ئەوەی سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بخەن و ڕزگاریان بێت لە دەست دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئەوان خۆیان بەنیشتمانپەروەر دەزانی نەک بەجوداخواز. گرووپی دووەم، چەپەکانن کە کورد بەجوادخواز ناوزەد دەکەن. ئەوانی سێهەم وردە بۆرژوای کورد خۆیەتی کە بوونەتە پاشکۆی دەوڵەتانی داگیرکەر(٨٨). فەلەستینییەکان هەموو کردەوەیەکی سیاسی و چەکداری و تەنانەت تیرۆریشیان تاقی کردۆتەوە بەڵام هیچ کەسێک بەجوداخواز ناویان نابات.

کاژیک وەکو بزووتنەوەیەک کۆتایی بە"چالاکییەکانی" خۆی هێنا و ئەویش وەکو خۆیبوون بوو بە بەشێک لە مێژووی کورد، بەڵام کاژیکنامە(٨٩) وەکو مانیفێستێکی سیاسی هەمیشە دێتە ناو ناوانەوە کاتێک باسی ناسیۆنالیزمی کورد دەکرێت. پاسۆک کە لە ساڵی **١٩٧٥** دا دامەزار وەکو میراتگری کاژیک تەماشا دەکرێت، ئەگەرچی لە لایەن ئازاد مستەفا سکرتێری کۆچکردووی ئەو پارتەوە، زۆر بەتوندی ڕەخنە لە کاژیک گیراوە، کە من لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسی لێوە دەکەم.

---

(٨٨) جەمال نەبەز، دۆزی ناسیۆنالی کورد ل. ٢٢

(٨٩) کاژیکنامە وەکو بەرنامەیەکی سیاسی نەتوانرا لەلایەن کاژیکەوە بەچڕی بڵاوبکرێتەوە، بەڵکو ئەو چەند دانە کەمەشی کە هەبوو لە کتێبخانەی چەند ڕووناکبیرێکی کورد لە سلێمانی زیاتر دەرنەچوو، عەبدوڵڵا پەشێو لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی میدیادا دەڵێت: کە زۆر هەوڵی داوە بۆ بەدەستخستنی (کاژیکنامە) لە ساڵانی شەستەکاندا، بەڵام هەتا نەهاتۆتە ئەوروپا بەدەستی نەکەوتووە. کاژیکنامە بۆ جاری دووەم لە ئەوروپا و لە ئەڵمانیا لە ساڵی **١٩٦٨** چاپ کراوەتەوە، بەڵام نەنووسراوە چەند دانەی لێ بڵاو کراوەتەوە. ئەوەی من کەڵکم لێ وەرگرتووە ئەو دانەیەیە کە جەمال نەبەز پێشکەشی کردووە و ناردوویەتی بۆ کتێبخانەی ئینیستیتوی زمانە ئاسیای – ئەفریقایی و ڕۆژهەڵاتییەکان لە زانکۆی ئۆپسالا لە سوید، کە تەئریخی ١٩٦٨/١٢/١١ بەسەرەوەیە.



## ٣-٤ پاسۆک - پارتی سۆسیالیستی کورد

ڕژێمی سەددام و شای ئێران لە ٦ی ئازاری **١٩٧٥** دا پەیمانێکی ئاشتییان مۆرکرد و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە عێراق شەتولعەرەب بدات بەئێران و لە پاداشتی ئەوەشدا ئێران هەموو یارمەتییەکانی خۆی بۆ شۆڕشی کورد ڕابگرێ. ئەم پەیمانە بووە هۆی ئاوارەبوونی هەزاران کورد بۆ ئێران دوای ئەوەی کە مستەفا بارزانی داوای کرد کە شۆڕش ڕابگیرێ لە **٣٠** ی مارسی **١٩٧٥** دا. پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی دەکرد تووشی نسکۆ هات.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەتەنها ڕابەرایەتی شۆڕشی ئەیلولی دەکرد، نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژێکی کوردی لەخۆیدا کۆکردبووەوە، ناچار بوو کە خەتێکی نەرم بگرێت و تەحەمول لە خۆی پیشان بدات بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵی کۆمەڵگای کوردی بکات، چونکە لە کۆمۆنیستەوە بگرە تا ئیسلامی و ناسیۆنالیست و هەموو گرووپە کوردییەکان بەشاراوەیی بووبێت یان بەئاشکرا هەموو لەژێر فەرمانی بارزانی مستەفا دا بوون. دوای نسکۆی **١٩٧٥**، پارتی بوو بەچەند بەشێکەوە، بەڵام پارتی وەکو هێزێکی سەرەکی تا ڕۆژی ئەمڕۆش لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان مایەوە. گەلێک پارت و ڕێکخراوی کوردی لە دایک بوون کە هەریەکە و بیروباوەڕێک و بەرژەوەندییەکی دەپاراست، یەکێک لەوانە پارتی سۆسیالیستی کورد بوو کە بەپاسۆک ناسراوە و هەر لە سەرەتاوە دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان هەڵگرت. بەکۆچی دوایی بارزانی لە ساڵی **١٩٧٩**، یەکیەتی و تەبایی کوردەکان بەتایبەتی لە یەکڕیزی نێوان کوردان لە ماوەی **١٩٧٠** تا **١٩٧٥** کۆتایی پێهات، چونکە بەڕاستی ئەوە شەخسی بارزانی بوو کە توانیبووی لە چەپەوە تاڕاست، لە عەشیرەوە بگرە تا ڕووناکبیر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. ئەو گرووپە

نوێیانەی کە لە دوای ١٩٧٥ لە دایک بوون، کورد وتەنی هەریەکەو لە ئاوازێکی دەخوێند و زۆری نەخایاند دەستیان دایە تفەنگ لە دژی یەکتری(٩٠).

هەر دوای نسکۆی شۆڕشی کورد، عێراق درێژەی بەعەرەبکردنی کوردستان دا، بەتایبەت لە ناوچەکانی کەرکووک و مووسڵ. لە دوای ساڵی ١٩٤٠ وە عێراق بەبەردەوامی سیاسەتی تەعریبی بەشێوەیەکی سیستەماتیک بەڕێوە بردووە، ئەویش لە ڕێگای هێنانی خێزان و عەشیرەی عەرەب و دەرکردنی کوردەکان لە شوێنی خۆیان بەمەبەستی گۆڕینی دیموگرافی باشووری کوردستان. ئەم سیاسەتەی عێراق وای کرد کە جارێکی تر جوتیارانی کورد دەست بدەنەوە چەک، لە کاتێکدا کە ساڵێک بەسەر تێکچوونی شۆڕشی ئەیلولدا تێنەپەڕیبوو. هەندێک لە سەرکردەی پارتیزانی کوردەکان، ئیستیفادەیان لەو ڕەوشەکرد کە کوردی تێ کەوتبوو، چونکە ئەوان تەنها مەبەستیان "ڕزگارکردنی کوردستان" نەبوو بەڵکو لە هەڵپەی ئەوەشدا بوون کە بتوانن جێگای بارزانی بگرنەوە. یەکێک لەوانە مام جەلال بوو، کە نوێنەری بارزانی بوو لە سووریا. ئەوە بوو یەکیەتی نیشتیمانی کوردستانیان دامەزراند و مام جەلال بووە سکرتێری یەکەمی و هەتا ئێستاش هەر سەرۆکی ئەو پارتەیە. کوڕەکانی مستەفا بارزانی، مەسعود و ئیدریس بارزانی، لە ئێرانەوە دەستیان کردەوە بەڕێکخستنەوەی پارتی لە ژێر ناوی "سەرکردایەتی کاتی"دا. سامی عەبدولڕەحمان کە کەسێکی نزیکی بارزانی بوو بەخۆیی و چەند سەد کەسێکەوە گەڕایەوە باشووری کوردستان، ئەوە بوو گەورەترین شەڕی "کورد کوژیی" لە ئەپریلی ١٩٧٨ دا لە نێوان هێزەکانی سامی و مام جەلال دا رووی دا کە بە شەڕی هەکاری ناسراوە. یەکیەتی ٧٠٠ پێشمەرگەی خۆی لەو شەڕەدا لەدەست

(٩٠) کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد...ل ٣٥-٣٦



دا، ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ زنجیرەیەک شەڕی تری ناوخۆ کە دەیان ساڵ دوای ئەوەش درێژەی هەبوو. ماوەیەکی کەم دوای ئەوە شۆڕشی ئیسلامی ئێران ڕووی دا و هەموو هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە و بگرە نێونەتەوەییەکانی سەروبن کرد. خاڵێکی گرنگ ئەوە بوو کە لە ماوەی ساڵی ١٩٧٦ - ١٩٧٩ ڕژێمی شا بەشێوەیەکی چالاکانە خۆی لە کێشەی باشووری کوردستان هەڵنەقورتاند(٩١).

یەکێک لەو پارتانەی کە لە سێبەری نسکۆی شۆڕشی ئەیلولدا لە دایک بوو (پاسۆک) بوو، بەڕابەرایەتی ئازاد مستەفا(٩٢). پاسۆک لە شاری کەرکووک لە ١١ سێبتێمبەری ١٩٧٥ دا دامەزرا(٩٣).

پاسۆک وەکو میراتگری کاژیک و نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی کورد تەماشا دەکرێت. پاسۆک کاریگەری تەواوی کاژیکی بەسەرەوەیە بەتایبەتیش کاژیکنامە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەتیۆری ناسیۆنالیزمی کوردییەوە هەیە، کە بەڕوون و ئاشکرایی لە بەرنامە و کاروکردەوەکانی پاسۆکدا بەدی دەکرێت. بەڵام سەرکردایەتی پاسۆک

(٩١) مارتین ڤان برونسین، ل. ٥٩- ٦٠

(٩٢) ئازاد مەستەفا لە گوندی بارزان لە ساڵی ١٩٤٨ لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٧٧دا لە لەلایەن سیخوڕەکانی عێراقەوە دەستگیر دەکرێ و بە دە ساڵ زیندانی حکوم دەدرێت بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩دا ئازاد دەکرێت لەو لێبوردنە گشتییەی عێراق دەری کرد. دوای ئەوەی لە زیندان ئازاد دەکرێت پەیوەندی دەکاتەوە بەهاوبیرەکانییەوە و سەرکردایەتی پاسۆک دەکات. ساڵی ١٩٨٧ ڕوو دەکاتە سوێد بۆ چارەسەری نەخۆشی. ئازاد مستەفا بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە ١٩ ماسیی ١٩٨٩ دا لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەبەنەوە لە گوندێک لە باشووری کوردستان دەنێژرێت تا ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١، جارێکی تر دەبرێتەوە بۆ شاری سلێمانی.

(٩٣) پێ دەچێت دامەزرێنەرانی پاسۆک بەزانابوون ئەو ڕۆژەیان هەڵبژاردبێت کە دەکاتە یادی دامەزراندنی شۆڕشی ئەیلول.

رەخنەیان لە پروپاگەندەکانی کاژیک لە پەیوەندی بە" ئاریزم و زەردەشتیزم" ، دەگرت. ئازاد مستەفا ئەو بیروباوەڕانە بە"ئیدۆلۆگی بۆگەنی ئاری و زەردەشتیزم" دادەنێت. ئەو پێیوایە کە کاژیک لە ڕێگای هەڵوێستە "ئەنتی-کۆمۆنیستی، ئەنتی-عەرەب و تەنانەت دژایەتی هەموو دونیا"، کاریگەری خراپی کردبووە سەر ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد[٩٤].

پاسۆک لە پەیڕەوو پرۆگرامی خۆیدا دەڵێت:" کە جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەستەڵات"مانە، دیارە لە جەماوەریش مەبەستیان گەلی کوردە، چونکە ئەوان دروشمی "پێش ئەوەی هەر شتێک بین کوردین" یان بەرز کردۆتەوە. دەکرێت بیروباوەڕ و ئامانجەکانی پاسۆک لە چەند خاڵێکدا کۆبکرێنەوە کە لە بەرنامەکەیدا هاتووە:

* باوەڕی پیرۆز و نەگۆڕمان بە(مافی دیاریکردنی ئازادانەی چارەنووسی نەتەوەی کورد)ە لە چوارچێوەی جوگرافی نیشتیمانی مێژوویی کورددا، کە دەکاتە (ڕزگاری و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی نەتەوەی کورد) سەرچاوەی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژییەت و ستراتیژی حیزبمانە...هەموو شتێ دەبێ لە خزمەتی ئەم ئامانجەدا بێ.
* بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سەرەکی و ستراتیژییە مێژووییەی نەتەوەکەمان، لەگەڵ هەر هەنگاوێک داین کە لەو ئامانجەمان نێزیک بکاتەوە.
* دیموکراتی...وەک سەرەتاو مەبەست و ڕێبازو باوەڕ بەجەوهەری بنەڕەتی مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵەکەمان دەزانین.
* باوەڕمان بەیەکێتی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد هەیە لە نێوان هەموو هێزە خێرخواز و شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی کوردستاندا.
* پشتگیری لە یەکگرتنی هەموو هێزە سیاسییە خێرخواو شۆڕشگێڕ و

(٩٤) ئازاد مستەفا، کورتە باسی بەرەی کوردستانی ل. ٨



دڵسۆزەکانی کوردستانی لەسەر بەرنامەیەکی سەرو مڕی پێشکەوتووی خزمەتگوزار بەمەسەلەی نەتەوەکەمان لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا دەکەین کە بەردی بناغەی (بەرەیەکی کوردستانی فراوان) بێت لە سەرتاسەری کوردستاندا.

* بەرهەڵستی و دژایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا لەهەموو بوار و بار و هەلومەرجێکدا و بۆ هەر مەبەستێک ڕیسوا دەکەین و بەتاوانی (ناپاکی میللی) دەژمێرن.
* ناکۆکی نێوان باڵە شۆڕشگێڕو دڵسۆزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی، ناکۆکییەکی لاوەکییە و تەنیا دەبێت بە ڕێ و شوێنی سیاسییانە و هێمنانە بەلادا بخرێن.
* دژی داگیرکردن و چەوساندنەوە و نەژاد پەرستی و ڕەگەزپەرستین لە سەرتاسەری جیهاندا.
* ڕێزو سوود لە بیرو کارو تاقیکردنەوەیەکی نێو نیشتیمانی و جیهانی دەگرین و وەردەگرین کە لەگەڵ بەرژەوەندی ویست و خوازو ئارەزووی ماددی و، مەعنەوی و دەروونی کوردا بگونجێ.
* هەموو بیروڕاو فەلسەفە و ڕەفتارێک دەدەینە دواوە کە لە بڵندی و کەرامەتی مرۆڤ کەم بکاتەوە و مرۆڤ بخاتە خانەی سەر بەهەر بەرەیەک[٩٥].

پاسۆک لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هەموو نەتەوە و گرووپێک گەشەکردوو یان نەکردوو، مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان هەیە و دەبێت سەروەرێتی و سەردارێتی ماڵی خۆیان بەدەست خۆیان بێت. هەموو دەوڵەت و گرووپێک کە ئەم مافە ڕەت بکەنەوە، نامرۆڤانەن. لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت مافی گرووپە ئێتنیکی و دینی و کەمایەتییەکان

(٩٥) پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پاسۆک ١٩٩١ ل١١,- ١٥

پارێزراو بێت بەپێی جاڕنامەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان[٩٦].

یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی پاسۆک ئەوە بوو کە هێزە کوردییەکان لەگەڵ هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانیشیان، خۆیان یەک بخەن، لە "بەرەیەکی کوردی"دا. هەر بۆ ئەو مەبەستە پاسۆک هەر لە ساڵی **١٩٧٥** دا بانگەوازی هەموو پارت و گرووپە چەکدارەکانی کوردی کرد بۆ دامەزراندنی بەرەیەک. هەر لەوێدا ئەوەیان دیاری کردبوو کە تەنها بەرەیەکی وا گەرانتی سەرکەوتنی کوردە بەسەر دوژمندا. بۆ ئەو مەبەستەش پاسۆک گەڵاڵەی بەرنامەی "بەرەیەکی" پێشکەش بە پارتە کوردییەکان کرد بەڵام کەس گوێی بۆ ڕانەگرتن[٩٧]. لە جیاتی ئەوە شەڕی نێوان .گرووپە کوردییەکان، بەتایبەتی لە نێوان پارتی و یەکیەتی، دەستی پێکرد کە لە ساڵی **١٩٧٧** تا ساڵی **١٩٨٧** کەم و زۆر بەبەردەوامی درێژەی کێشا[٩٨]. بەڵام پاسۆک لە هەوڵەکانی خۆی کۆڵی نەدا بەڵکو "هەمیشە لە هەوڵی یەکگرتنی پارت و گرووپە کوردییەکاندا بوو"[٩٩].

هەڵبەت پاسۆک بۆ خۆشی نەیتوانی بێ لایەنی خۆی بپارێزێ، بەڵکو لە شەڕەکاندا بەشداری کرد بەتایبەتی لەشەڕەکانی نێوان یەکیەتی و بەرەی جوددا کە پاسۆک ئەندام بوو تێیدا، پێشمەرگەی پاسۆکیش بوونە قوربانی شەڕی ناوخۆ.

شەڕی عێراق-ئێران و شەڕی ناوخۆیی کوردەکان، هێزەکانی کوردی لاواز و پەرێشان کرد، ئەمە جگە لەوەی کە ئێران ئیستیفادەی لە هێزە کوردییەکان کرد لە ڕێگای ئەو پەیمانانەی کە لەگەڵ گرووپە کوردییەکان جا

(٩٦) سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٨-١٩

(٩٧) ئازاد مستەفا، کورتەباسی بەرەی کوردستانی، ل. ١٨

(٩٨) بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ ئەم شەڕ و پێکدادانە سەیری کتێبەکەی کریس کۆچێرا بکەن.

(99) Svensk - kurdish journal nr 14 - 1989.



بەتاک یان بەکۆمەڵ بەستبوونی، ئەمەش "هەر دووبارەکردنەوەی پەیمانەکانی پێشوو بوو، هاوکاری گرووپە کوردە عێراقییەکان لەگەڵ ئێران بەکاریگەر بوو، بوارەکانی سیاسی و سەربازی گرتبووەوە"[١٠٠].

ئەو بەرە کوردییەی کە ئامانجی پاسۆک بوو لە ساڵی **١٩٨٧** دا دامەزرا ئەگەرچی زۆریش درەنگ بوو، بەڵام ئەو کاریگەرییەی نەبوو، ئەویش لەبەینی شەش گرووپی کوردیدا بەناوی "بەرەی کوردستانی عێراق"[١٠١]. ئێران دەوری گرنگی گێڕا لە دروستکردنی بەرەی کوردستانی عێراقدا، ئەویش لە دوای ئەو کۆنفرانسەی کە لە تاران گیرا لە **٢٤-٢٨** دیسێمبەری **١٩٨٦** دا. بۆ یەکەمین جار ٤٠٠ نوێنەری بەرهەڵستکاری عێراقی کۆبوونەوە و لەسەر پاشەڕۆژی ئەو وڵاتە گفتوگۆیان کرد. گرووپە کوردییە شەرکەرەکانیش تێیدا بەشدار بوون[١٠٢].

پاسۆک یەکێک بوو لەو شەش گرووپەی کە بەشدار بوو لە بنیاتنانی بەرەی کوردستانی عێراقدا، وەکو ئەندامێک مایەوە تا ئەوەبوو لەساڵی **١٩٩٢**، بەرە، هەڵوەشایەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دژی پرینسیپەکانی پاسۆک بوو کە داوای دەوڵەتی سەربەخۆیی دەکرد، چونکە ئەو بەرەیە زیاتر لە دەوری "ئۆتۆنۆمی" دەخولانەوە و بگرە بەکەمتریش ڕازی بوون.

بەرەی کوردستانی هیچ کاتێک نەیتوانی ببێتە نوێنەری خەڵکی باشووری کوردستان، چ لە ناو کوردستان یاخود لە دەرەوەی وڵات، بەڵکو هەر پارتەو درێژەی بەچالاکی و پەیوەندییەکانی خۆی دا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کۆمیتەی بەڕێوەبەری بەرە هەمیشە ئەوەی بەبیر دەهێنایەوە کە پێویستە بەرەی کوردستانی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بکات.

(100) Borhanedin A Yassin, Kurderan I iraq och konfliktutveckling-en… s. 156.

(١٠١) سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٥٧

(١٠٢) کریس کۆچێرا، ل ٧٨

لە دوای داگیرکردنی کوێت و شەڕی هاوپەیمانان لە دژی عێراق، کورد گەورەترین سەرهەڵدانی لە مێژووی خۆیدا بەرپا کرد، سوپای عێراقی لە کوردستاندا وەدەرنرا و بەشێکی گەورەی کوردستان ئازاد کرا، بەڵام کەرکوک و شوێنە گرنگەکانی تر لە ژێر دەستەڵاتی عێراقدا مانەوە.

بۆ جاری یەکەم لە مێژوودا کورد توانییان هەڵبژاردن سازبکەن و پەرلەمانێک دروست بکرێت، بەڵام حکوومەتی پەنجا بەپەنجای پارتی و یەکێتی ڕەوشێکی خراپی بەدوای خۆیدا هێنا و لە نەتیجەدا شەڕی ناوخۆ دەستی پێکردەوە، وڵاتانی دەوروبەر کەڵکیان لەم ڕەوشە وەرگرت. پاسۆک و پارتە بچووکەکانی تری کوردستان، نەک نەیانتوانی بچنە ناو پەرلەمانەوە بەڵکو نەیانتوانی متمانەی خەڵکی کورد بۆ خۆیان ڕابکێشن[١٠٣]. بەڵکو دەنگێکی زۆر کەمیان بەدەست هێنا و مەمرە و مەژی درێژەیان بەژیانی سیاسی خۆیان دا.

پاسۆک کەوتە تەنگژەیەکی سیاسی قووڵەوە و بەشێکی زۆر لە سەرکردایەتی ئەو پارتە چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. ئەو بەشەی تریش کە مانەوە درێژەیان بە کاری سیاسی پاسۆکانە دا، بەڵام دەتوانم بڵێم پاسۆک[١٠٤] دووچاری هەمان چارەنووس بووەوە کە کاژیکی تێدا بوو، پێش ئەوەی ماڵئاوایی لە سیاسەت بکەن و گۆڕەپان چۆڵ بکەن بەیەکجاری لە ساڵی ١٩٧٥ دا.

(١٠٣) هەمان سەرچاوە ل. ١٣٦

(١٠٤) ئێستا پاسۆک ماڵپەڕێکیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پەیڕەو و پرۆگرام و کار و خەباتی پاسۆک بڕوانە؛
www.pasok.org



## ٥- بەراوردکردنی هەر سێ پارتەکە: ئامانج، ستراتیجی و چالاکی

### ١-٥ خۆیبوون

ئامانج: ئامانجی سەرەکی خۆیبوون وەدەرنانی دەوڵەتی داگیرکاری تورکیا بوو لە کوردستاندا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری کوردستاندا.

ستراتیجی: خۆیبوون دەیانویست ببن بەپلاتفۆرمێک بۆ هەموو کوردەکان. بۆ ئەو مەبەستەش داوایان لە هەموو ڕێکخراوە کوردییەکان کرد کە خۆیان هەڵوەشێننەوە و بێنە ناو خۆیبوونەوە.

چالاکی: بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجەکانیان، خۆیبوون بەچەندین شێوە چالاکییەکانی خۆیان پەرە پێدا. پروپاگەندە جا بەنووسین یانیش لە ڕێگای تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ گەل، یەکێک بوو لە چالاکییەکانی خۆیبوون، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانن هەستی نەتەوەیی کوردەکان بورووژێنن و وشیاریان بکەنەوە. خۆیبوون چالاکی دیبلۆماسی دەکرد، بۆ نموونە پەیوەندی گرێدان لەگەڵ ئەرمەنییەکان و هێزی ئەوروپایی بۆ ئەوەی دەنگی کورد بگەیەننە جیهان. بەشێکی زۆری ئەندامانی خۆیبوون چالاکانە بەشدارییان کرد لە شۆڕشی ئاگریدا واتە خەباتی چەکداریشیان کرد.

### ٥-٢-کاژیک

ئامانج: مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ کورد و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی کە هەموو کوردستان بگرێتە خۆی.

ستراتیجی: ستراتیجی کاژیک ئەوە بوو کە شۆڕشێکی ناسیۆنالی

کوردی بەرپا بکات لەپاڵ شۆڕشێکی فیکری ڕووناکبیری، بۆ ئەوەی جێگای بیرە دەرەکییەکان بگرێتەوە لە کوردستاندا بۆ نموونە کۆمۆنیزم کە ئەوان پێیان وابوو کاریگەری مەنفی لەسەر کێشەی کورد دانابوو.

چالاکی: چالاکییە سەرەکییەکانی کاژیک بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سیاسی و بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، نووسینی وتار و پروپاگاندەی تر بۆ ئەوەی بیر و هەستی نەتەوەی کورد بەرەوپێش بەرێت.

## ٣-٥- پاسۆک

ئامانج: پاسۆکیش داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردی دەکرد بەدەستی خۆی و بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کە هەموو کوردستان بگرێتەوە، تێدەکۆشا. ئامانجێکی تری پاسۆک کۆکردنەوەی هێزە کوردییەکان بوو لە بەرەیەکدا.

ستراتیجی: یەکگرتنی گەلی کورد بوو. چونکە ئەوان پێیان وابوو کە تەنها یەکیەتی گەلی کورد و هێزەکانی سەنگی مەحەکی سەرکەوتنە بەرانبەر دوژمنان. بۆ ئەو مەبەستەش هەر لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە بانگی دامەزراندنی "بەرەیەکی کوردستانییان" کرد.

چالاکی: پاسۆک هێزی پێشمەرگەی سەربەخۆی هەبوو، واتە خەباتی چەکداری بەدژی عێراق دەکرد. گۆڤار و کتێب و بلاڤۆک و ئەفیشیان بڵاودەکردەوە، کە بەئاشکرا بیروبۆچوونی ناسیۆنالیستییان لە خۆ گرتبوو.

وەک دەبینرێت هەر سێ پارتەکە ئامانجێکی هاوبەشیان هەبوو کە ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە، بەڵام شێوەی خەبات و مۆدیلی دەوڵەتەکە جیاوازبوو. خۆیبوون دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری کوردستاندا وەکو سەرەتایەک بەباش زانیوە. هەرچی کاژیک و پاسۆکە خەباتیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کە هەموو کوردستان لە خۆ بگرێت، کردووە.



کاژیک لەژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمی ئێتنیکیدا بووە، کە مۆدیلێکی ئەڵمانییە. ئەم مۆدیلە لە گەلێک لاوە وەکو ناسیۆنالیزمێکی مەنفی چاوی لێ دەکرێت، چونکە مەترسی ئەوە هەیە کە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی دژایەتی و بەربەرەکانێی نێوان نەتەوەکان. ئەم " مۆدیلە دەکرێت بەزانبوونەوە کەڵکی لێ وەربگیرێت بەشێوەیەک لەگەڵ هەندێک وشەدا گرێ بدرێت، وەکو دیاردەیەکی قێزێون کە لەلایەن زۆر کەسەوە نەفرەتی لێ دەکرێت"[١٠٥]. تەنانەت پاسۆک کە بەمیراتگری کاژیک دادەنرێت ڕەخنەی لە کاژیک ئەوەبوو کە پروپاگەندە بۆ "ئاریایی" دەکات، هەروەک دەزانرێت کە نازیزتەکانیش "ئاریزمییان" وەکو ئایدیای خۆیان چاو لێ دەکرد و شای ئێرانیش بانگەشەی "ئاریایی" دەکرد.

هەرسێ پارتی ناوبراو، یەکگرتنی کوردیان وەکو ئامانج و ستراتیجییەک تەماشا دەکرد. جا لە شێوەی بەرەدا بووبێت کە هەردوو پارتی کاژیک و پاسۆک بانگاشەیان بۆ کردووە، یانیش هەموو ڕێکخراوە کوردییەکان بچنە ناو خۆیبوونەوە.

پاسۆک و خۆیبوون لەپاڵ چالاکییە دیبلۆماسی و ڕاگەیاندنەکانیاندا، هێزی چەکداریان هەبووە[١٠٦]، واتە لە بەکارهێنانی چەک و هێز نەپروونگاونەتەوە، بەڵام کاژیک ئەگەر چی بڕوایان بەخەباتی چەکداری و بەکارهێنانی هێز هەبوو بۆ وەدەرنانی داگیرکەر لە کوردستاندا بەڵام خۆیان لە قەرەی خەباتی چەکداری نەداوە.

خاڵێکی تری هاوبەشی ئەو سێ پارتییە ئەوەیە کە بڕوایان بەشۆڕشی فیکری و وشیارکردنەوەی گەلی کورد هەبووە، جا بەنووسین یان شێوازی تر بووبێت، بۆ ئەو مەبەستەش گۆڤار و بلاڤۆک و کتێبیان چاپ کردووە.

---

(105) Oyvind Ostrelud, vad är nationalism, s. 10

(١٠٦) پاسۆک ئێستا خاوەنی هێزی چەکدار نییە و تەنانەت چالاکی سیاسیشیان یان نەماوە یانیش لە نەبوونەوە نزیکە.

## ٦- سەرەنجام و ئەنالیز

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم ئەو نەتیجانەی لەم باسەدا هەڵهێنجراون، بخەمە بەر چاوی خوێنەر.

کوردەکان وەکو گرووپێکی ئێتنیکی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن، سەرەڕای ئەوەی کە بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش کراون. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕەپانێکە بۆ دژایەتییە ئێتنیکی و دینی و کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەک لەم نووسینەدا بینیمان، ڕەگوڕیشەی ناسیۆنالیزمی کورد دەبرێتەوە بۆ سەردەمی ئەحمەدی خانی و شاکارەکەی (مەم و زین). ئەم تیۆرییە قابیلی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی قووڵە، ئەمەش لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی کە ناسیۆنالیزم وەکو بیرێکی مۆدێرن، وەکو بیرێکی ڕۆژئاوایی چاوی لێ دەکرێت و ڕەگوڕیشەی دەبرێتەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ ، بەڵام ئەمە بەو مانایەی نییە کە ڕووناکبیرێکی ڕۆژهەڵاتی وەکو خانی، تەنها لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتییە، "بیرە" ناسیۆنالیستییەکانی ناو (مەم و زین)ەکەی نەخرێتە خانەی ناسیۆنالیزمەوە، چونکە زۆر کولتووری گەورە لە ڕۆژهەڵات لە دایک بوون، تەنانەت شوێنی لەدایکبوونی هەر سێ ئایینە گەورەکانی جیهان واتە (ئیسلام و مەسیحی و یەهودی) لە ڕۆژهەڵاتدا هەڵکەوتووە.

کاتێک ( مەم و زین) دەخوێنیتەوە، وێنەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کوردەکانمان دێتە پێش چاو. خانی هەستێکی نەتەوەیی بەتینی بۆ گەلەکەی هەبووە، ناڕەحەت بووە لەوەی کە خێڵە کوردەکان یەکگرتوو نین و بگرە دژایەتی یەکترییان کردووە، ئەمەش بەڕوونی لە (مەم و



زین)ەکەیدا دەبینرێت. خانی لەدڵەوە دەیویست کە کوردەکان پاشایەک کە بتوانێت فەرمانڕەوایی هەموو کورد بکات، پەیدا بکەن، لە جیاتی ئەو میر و بەگانەی کە لەلایەن عوسمانی و ئێرانییەکانەوە بەکاردەهێنران بۆ بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە، بەتایبەتی بۆ پاراستنی سنوورەکانیان. شیعرە نیشتیمانییەکانی خانی نەیانتوانی هەستی کورد بوروژێنن و بیکەنە هێزێک بۆ یەکگرتوویی و ڕێکخستنی ئەو گەلە لە کردەوەدا، بەڵام هیچ ناکۆکییەک نییە لەبەرامبەر ئەوەی خانی وەکو ناسیۆنالیستێک یاخود نیشتیمانپەروەرێک تەماشا بکرێت ، تەنانەت ئەگەر بەپێناسەی ئیمڕۆی ناسیۆنالیزم پێوانە بکرێت چونکە ناسیۆنالیست بە" کەسێک دەوترێت کە پێ لەسەر نرخی نەتەوەکەی خۆی و بەرژەوەندی نەتەوەیی دابگرێ"(١٠٧). هەروەک دەبینین خانی درێغی نەکردووە بۆ نەتەوەکەی.

کاتێکیش باس لە سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردی وەکو بیرێکی مۆدێرن دەکرێت واتە پەیوەندی و کاریگەری ناسیۆنالیزمی ئەورووپی لەسەر ڕووناکبیرانی کورد وەکو دیاردەیەکی مۆدێرن، گفتوگۆکە شێوەیەکی جوداتر وەردەگرێت. لێرەدا من دەمەوێت ئەم مەرحەلەیە واتە خەباتی ناسیۆنالیزمی کرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بکەم بە دوو بەشەوە. یەکەمیان لە ساڵی ١٨٥٠ تا ساڵی ١٩٥٠ ، دووەمیشیان دوای ساڵانی پەنجا. لە سەردەمی یەکەمدا، ناسیۆنالیزمی کورد بەهێز بوو، بەڵام دوای ئەوە لێک ترازا بەرەو لاوازی چوو. نزیکەی هەموو سەرکردە کلاسیکییە کوردەکان خەباتیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد. زۆربەی ئەو پارت و ڕێکخراوانەی کە لەو سەردەمەدا لەدایک بوون هەمان ڕێچکەیان گرت، واتە دامەزراندنی دەوڵەت. پێناسەکردنی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵ وەکو " دەستەواژەیەک بۆ هاوبەشێتی نەتەوەیی" و هەروەها ئەوەی کە پێی

(107) www.ne.se/nationalist

دەوترێت پرنسیپی ناسیۆناڵی کە دەگەڕێتەوە بۆ "نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە" واتە "هەموو نەتەوەیەک خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێ و هەموو دەوڵەتێکیش نەتەوەیەک بێت"(١٠٨) ڕەنگە کاریگەری لە سەر ناسیۆنالیستە مۆدێرنەکانی کورد دانابێت بۆ ئەوەی خەباتی خۆیان چڕتر بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.

خۆیبوون یەکێک بوو لەو پارتانەی کە لەم سەردەمەدا دامەزرا لەلایەن نوێنەرانی چین و توێژە جیاوازەکانی کوردەوە، بەڵام ئەرستۆکرات و سەرۆک خێڵەکان دەوری بەرچاویان لە ناوەندی بڕیاردانی خۆیبووندا هەبوو. خۆیبوون لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە کوردەکان بەگشتی ڕێکبخەن، بەڵام لە پلەی یەکەمدا تەرکیزیان لەسەر ئەوە دەکرد کە دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری کوردستاندا دامەزرێنن، ئەوەیش لەڕێگای وەدەرنانی تورکەکان.

هەر لە سەرەتاوە خۆیبوون ئەوەی دیاری کردبوو کە ئەوان پارتێکی بەتەواوەتی کوردین و ئەوەیان دەسنیشان کردبوو کە باوەشیان بۆ هەموو کوردێک ئاوالایە. خۆیبوون بەتەواوەتی کەوتبووە ژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمەوە. ئەگەر مرۆڤ بەگوێرەی تیۆرییەکەی گەیلنەر بڕوات لەسەر ناسیۆنالیزم، بەوەی کە ئەو پێناسەی دەکات بەپرینسیپێکی سیاسی کە ئیدیعای ئەوە دەکات کە یەکیەتی سیاسی دەبێت لەگەڵ ناسیۆنالدا یەک بگرنەوە، ئەوا ئەو پارتە کوردییانەی کە من لەم نووسینەدا بەراوردم کردوون دەکەونە هەمان خانەوە چونکە هەموویان ئامانجێکی وایان هەبوو.

خۆیبوون چەندین شێوەی خەباتی تاقی کردۆتەوە بۆ ئەوەی بەئامانجەکانی خۆی بگات. بەشێوەیەکی گشتی خۆیبوون سەرکردایەتی شۆڕشی ئاگری کردووە. خاڵێکی گرنگ لە خەباتی خۆیبووندا خەباتی دیبلۆماسی بوو، ئەوان دەیانویست پەیوەندی خراپی نێوان کورد و ئەرمەن

(108) Oyvind Osterur s. 113



چاک بکەنەوە. ئەوان دەیانویست لە ڕێگای پارتی ئەرمەنی تاشناقەوە کێشەی کورد بەدنیا بناسێنن.

کورد و ئەرمەنی سەدان ساڵە لە ناوچەیەکدا لە کەش و هەوایەکی ئاشتییانەدا، لەگەڵ یەک دەژین. تورکیا هەمیشە سیاسەتێکی دژکارانەی بەدژی کورد و ئەرمەنی هەبووە، ئەم سیاسەتە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەردەوامەو گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا نەهاتووە. بۆ نموونە تورکیا، ئەرمێنیا بەپشتیوانی لە پکک تاوانبار دەکات.

چەکێکی گرنگی تری خۆیبوون پروپاگەندە بوو بۆ ئەوەی بتوانن هەستی نەتەوایەتی کوردەکان بجووڵێنن، ئەویش بەکۆکردنەوەی شیعر و گۆرانی نیشتمانی، وڵاتپارێزییانە و بڵاوکردنەوەیان لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کورددا.

کاژیکیش وەکو ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی کورد لە ناو مەحفەلی گرووپێک ڕۆشنبیری کورددا گیری خوارد، هەتا بەلەسەرخۆیی کۆتایی بەژیانی هات. ستراتیجی نەگۆڕی کاژیک ئەوە بوو کە " مافی سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد و بڕیاری گەلی کورد دەبێت لە ئازادییەوە بۆ ئازادی بێت". کاژیک هەموو جۆرە چارەسەرییەکی تری بێجگە لە سەربەخۆیی ڕەت دەکردەوە، بۆ نموونە دژایەتی دروشمی "ئۆتۆنۆمییان" دەکرد. بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی کوردی کە ئامانجیان بوو دامەزرێنن، هیچ کاتێک دوودڵییان لە بەکارهێنانی هێز نەدەکردەوە، ئەمەشیان لە پرۆگرامەکەیاندا دیارکردبوو. بەڵام کاژیک هیچ کاتێک بە ڕەسمی دەستیان نەدایە چەک، بەڵکو هەندێک لە سەرکردەکانی کاژیک خۆیان بەپارتی دیموکراتی کوردستاندا هەڵواسی، ناسراوترین کەسی کاژیکیش لە ناو کورددا، مامۆستا جەمال نەبەز، کوردستانی بەجێ هێشت و ئەوە چل ساڵ دەبێت لە ئەڵمانیا دەژی.

دیاریترین خەبات و چالاکی کاژیک لە چوارچێوەی پروپاگەندە بەتایبەتی

نووسینی وتارو بەشداریکردن لە سیمینارە سیاسییەکاندا بوو. ئەگەرچی گۆڕەپانی چالاکی کاژیک باشووری کوردستان بوو بەلاّم ئەو پارتییە نەیتوانی لە سنوورەکانی سلێمانی زیاتر دوور بکەوێتەوە، بەلاّم کاژیک هەموو داگیرکەرانی کوردستانی بەیەک چاو سەیر دەکرد و هەموویانی بەبێگانە و داگیرکەر لەقەڵەم دەدا، کوردستانیشی تەنها بەموڵکی کورد دەزانی.

بەشێک لە فەلسەفەی کاژیک پەیامێکی دوو لایەنەی جیاوازی لەخۆ گرتبوو. لەلایەکەوە بانگاشەی ئەوەیان دەکرد کە "کوردستان بۆ کورد" کە دەتوانرێت وەکو هەلاّواردن و بەکەم زانینی کەمایەتییەکانی کوردستان چاوی لێ بکرێت، لەلایەکی ترەوە دەیان وت کە ئەوان نایانەوێت کەمایەتییەکانی کوردستان لەناو کورددا بتوێننەوە، بەو مەرجەی کە ئەوان لەگەڵ کورد و بیروباوەڕی کاژیک بەوەفابن. داواکردنی کەش و هەوایەکی هارمۆنی کولتووری لە ناو دانیشتوانی ولاّتێکدا پرنسیبێکی دیموکراتییە، بەلاّم "مەرج و شەرت" دانان بۆ بەشێک لە دانیشتوان ئەگەر ئەوانە کەمایەتیش بن بۆ نموونە "داواکردن کە دەبێت گوێڕایەڵی ئایدۆلۆژییەکی تایبەت بن" ئەو سیستەمەی سۆڤیەت دەخاتەوە بیری مرۆڤ کە سیستەمێکی یەک پارتی و یەک سەرکردە و لە دواجاریشدا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، هەموو دەبوو لە گۆمی کۆمۆنیستاندا مەلەیان بکردایە و لەیەک مەنجەڵدا بکولاّنرایەن.

کاژیک بەکردەوە دژی هەموو "بیروباوەڕێکی بیانی لە کوردستاندا" بوون. ئەوان ئەوەیان بەچاکی ڕوون نەکردۆتەوە کە مەبەستیان لە "ئایدۆلیژیای بێگانە" چییە؟ چونکە سیستەمێکی یەک ئایدۆلۆژی دەیتوانی کورد و کوردستان گۆشەگیر بکات و لە جیهانی ڕۆشنبیری و گەشەکردنی دابڕێت. خاڵێکی تر کە کاژیک هەمیشە بەبیر کوردی



دەهێنایەوە مەسەلەی "ئاریایی" بوون بوو. هەروەک دەزانرێت نازیستەکانیش ئەم دەستەواژەیەیان بەکاردەهێنا هەروەها شای ئێرانیش کەڵکی لە "ئاریایی"بوون وەردەگرت. زمانی کوردی لقێکی زمانە ئێرانییەکانە کە ئەویش لە خێزانی هیندوئەوروپاییە، ڕەنگە کاژیک بۆ خۆ جیاکردنەوە لە عارەب و تورک زیاتر "ئاریاییبیان" بەکار هێنابێ.

خاڵێکی گرنگ کە کاژیک لە پارتە کوردیەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەوان هەموو دەستەلاّتێکی ناکوردیان لە کوردستان بەنارەسەن و نایاسایی داناوە. ئەوان بەتالاّنبردنی سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی کوردستانیان بەکارێکی نایاسایی زانیوە، هەروەها "بیری ئۆتۆنۆمییان" کە هەتا ئێستاش لە کوردستاندا ڕەواجی ماوە لەلایەن کاژیکەوە بەنەحلەت کراوە، ئەو بیرەی کە بەربەستێک بووە لە ڕێگای دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیدا. ئەو کۆمەڵگایەی کە کاژیکی تێدا لەدایک بوو و خەباتیان تێدا دەکرد، کۆمەڵگایەکی دەرەبەگی و جوتیاری بوو کە سەرۆک خێڵەکان دەوری کاریگەریان تێدا دەبینی. بێ توانایی سەرکردەکانی کاژیک دەوری سەرەکی بینیوە لە گەشەنەکردنی کاژیک و خەباتەکەیان، ئەوان بانگاشەی ئەوەیان دەکرد کە " کورد سەرلەنوێ دەبێت لەدایک ببێتەوە". بەگوێرەی تیۆرییەکی گەلینەر ناسیۆنالیزم نەتەوە دروست دەکات نەک بەپێچەوانەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرییەدا خەباتی کاژیک بەتەواوەتی شکستی خوارد. ئەمە پاسۆکیش دەگرێتەوە کە لەسەرەتاوە کاژیکی وەکو نموونە بۆ خۆی دانابوو بەکەمێک نوێکردنەوەوە.

پاسۆکیش وەکو کاژیک "مافی چارەی خۆنووسین و ئازادی بۆ کورد" ی کردبووە ستراتیجی خۆی، بەلاّم پاسۆک بەتەواوەتی دژی ئۆتۆنۆمی نەبوو، بەڵکو وەکو هەنگاوێک بەرەو سەربەخۆیی تەماشای دەکرد.

بۆ ئەوەی بەئامانجەکانی خۆی بگات، پاسۆک بۆ خۆیان دەستیان

بەخەباتی چەکداری کرد و هێزی پێشمەرگەی تایبەت بەخۆیانیان پێکەوەنا، ئەمە جگە لەوەی کە هەمیشە بانگەوازی یەکگرتنی هێزە کوردییەکانیان دەکرد تا لە چەپ و ڕاست و ئیسلامییانەوە لە "بەرەیەکی کوردی" دا کۆببنەوە. پاسۆک یەکێک لەو پارتە دەگمەنانەیە کە نەخشە و ئالای کوردستانیان کردۆتە دروشم و سیمبولی خۆیان لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە، کە ئەویش یەکێکە لە نیشانەکانی ناسیۆنالیزم. سەرۆک لەناو پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاریگەری زۆری هەیە، گەلی کوردیش لەوە بەدەر نییە. ئەگەرچی پاسۆک پارتێکی بچووک بوو بەڵام لەناو پارتە کوردییەکان و خەڵکیشدا ڕێزداربوون. سکرتێری پاسۆک ئازاد مستەفا دەوری خۆی هەبوو، هەربۆیە کاتێک ئەو کۆچی دوایی کرد لە ساڵی ١٩٨٩دا، سەرکردایەتی پاسۆکیش لەبەریەک ترازا و پاسۆکیش هێندەی تر لاواز بوو.

ناساندن و پێناسەکردنی ناسیۆنالیزم وەکو بیروباوەڕێکی سیاسی چەند فۆرمێک لەخۆ دەگرێت، وەکو لە سەرەتادا باسم کرد دەکرێت ناسیۆنالیزم پۆزەتیڤ یان نەگەتیڤ بێت. ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەوێتە قالبی "پۆزەتیڤەوە". چونکە بۆ نموونە ئەو سێ پارتەی باسم لێوە کردن خەباتی خۆیان لەگەڵ خەباتی ڕزگاری نەتەوەییدا هاوتەریب دەکەن. هەروەک بینراش ئەو پارتانە ویستوویانە هێڵێک لەبەینی خەباتی خۆیان و نەژاد پەرستی و چەوساندنەوەی کەمایەتییەکاندا بکێشن. ئەمەش دەتوانرێت وەکو ئەوە لێک بدرێتەوە کە ئەوان ویستوویانە نەخرێنە خانەی بیرتەسکی و فوندەمنتالیسمەوە، بەبیروباوەڕی من.

یەکێک لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی خەباتی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکرێت بیروباوەڕی هێنراوی "ئۆتۆنۆمی" بێت کە جێگای سەربەخۆیی گرتەوە، ئەویش لەدوای ساڵانی چلەکانەوە. ئەم بیری



ئۆتۆنۆمیخوازییە کە لەلایەن پارتە کۆمۆنیستەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بەدەرەجەی یەکەم هێنرایە کوردستانەوە، وای کرد کە کێشەی کورد بکرێتە کێشەیەکی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە. ئەمەش خاڵێکی لاوازی بیری ناسیۆنالیزمی کورد و ناسیۆنالیستە کوردەکان بوو. هاوتەریب لەگەڵ ئۆتۆنۆمی، یەک نەگرتن و شەڕی کورد کوژیی نێوان کوردەکان خۆیان کاریگەرییەکی دەروونی و فیزیکی زۆر خراپی لەسەر گەلی کورد دانا. دژایەتی پارتە کوردییەکان هەمان دژایەتی خێڵ و میرە کوردەکان بوو، بەڵام بەشێوەیەکی مۆدێرنتر.

هەستی نەتەوایەتی نەتەوەکان کرایە مانۆڕێک و هێزێک بۆ ئەوەی سنوورە نەتەوەیی و کولتوورییەکان بکێشرێن بەتایبەتیش لەسەدەی ڕابردوودا، کە لە نەتیجەدا دەیان دەوڵەت لەدایک بوون. کوردەکان یەکێکن لەو گەلە دەگمەنانەی کە نەیانتوانی دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزرێنن، سەرەڕای هەڵگیرسانی دەیان سەرهەڵدانی خوێناوی لە سەرتاسەری کوردستاندا. هەربۆیەش کولتووری ناسیۆنالیزمی کوردی وەکو ئەو گەلانەی کە دەوڵەتیان هەیە، گەشەی نەکردووە و هێشتا لە گاگۆڵکێدایە.

## سەرچاوەکان


ئاڵەکۆم ڕۆهات، ٢٠٠٠: خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری. وەرگێڕانی شوکر مستەفا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر- کوردستان.

Uddevalla .Dsidalos .Anderssn Benedict, 2000: Den föreställda gemenskapen.

ئیسماعیل، بێشکچی: کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە، وەرگێرانی ڕێبوار ڕەشید. وەشانی ڕەوشەن ,٢٣

شێرکۆ، بەلەج، ١٩٩٢: کێشەی مێژینە و ئێستای کورد. وەرگێرانی محەمەد حەمەباقی.

Eriksen, Tomas Hylland, 2000: Etnicitet och nationalism Bokförlaget Nya Doza

Faktaseie, 2001: nr 7, filket som f_r inte finnas Ung vänster

Gellner, Ernest, 2000: Nationalism .Parajett, Sollnetuna

Gellenr, Ernest, 1997: Stat, Nation, Nationalism Iun. Bokförlaget nya b Doxa,

Gröndahl, Satu, 2001: Literaturens gränsland, invandrar- och minoritetslitteratur i nordiskt perspektiv, Uppsala Multiethnic Papers 45.

Hjärpe, Jan, 1994: Araber och arbism, Raben Prisma

Human Rights in Kurdistan (Shakly Ferhad, Classic and modern poetry). Documentation of international conference 1989.

Karlsson, Ingmar, 1984: Gud med oss. Berlings, Arlöv

Kurdistanî, M .Merdoxî, Mejuî Kurd u Kurdistan

کۆچێرا، کریس، ٢٠٠٠: بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، وەرگێڕانی ئەکرەمی میهیرداد، بەرگی یەکەم. پڕۆژەی کتێبی دانسقە ,٨

Lomborn, rune, 1970: Världenspolitikensdagsfr_gor, Kurderna _ folket land.utan

McDowall, David, 1997: A modern history of the Kurds, London

مستەفا، ئازاد، ١٩٨٨: کورتە باسی بەرەی کوردستانی، سوێد.

نەبەز، جەمال، ١٩٨٦: پێوەندارێتی کوردی، کورد کێیە و کوردبوون مانای چی؟ لە بڵاوکراوەکانی سۆکسە، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆکهۆلم.

نەبەز، جەمال، ١٩٨٨: دۆزی ناسیۆنالی کورد، ئۆتۆنۆمی یا کوردستانێکی سەربەخۆ و بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد.





نەبەز، جەمال، ١٩٨٤: بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری "قەومیەت"ی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری "ناسیۆنالیزم"ی ڕۆژئاواییە، سۆکسە، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد.

Rosenblad, Jan-Gunnar, 1992: Nation, nationalism och identitet, bokförlaget Nya Doxa

سابیر، ڕەفیق، ١٩٩٨: ئیمپراتۆریای لم، ڕابوون - سوێد.

سابیر، ڕەفیق، ١٩٩١: بەرەو مێژوو، چاپخانەی مەنسوور.

Aras, Qazzaz, Shafiq, 2001: the Shraezoor, Kurdish English dictionary Hewler-Kurdistan.

Shekelyi Ferhad, 1988: Kurdisk nationalism i Mem u Zin av Ehemdi Khani

Tägil, Sven (utg), 1992: konflikt och samarbeta vid persika viken (Yassin A Borhanedin).

وەلی، عەباس، ٢٠٠١: کوردەکان و "ئەوانی" تریان" هەویەت و سیاسەتی پارچەپارچە بوون. ڕەهەند.

ڤان برونسین، مارتین، ١٩٩٩: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، کوردۆ عەلی کردوویەتی بەکوردی. دەستگای سەردەم، سلێمانی کوردستان.

زەکی، موحەمەد ئەمین،١٩٣١: کورد و کوردستان.

گۆڤار:

گزینگ ژمارە ٩ (١٩٩٥).

گزینگ ژمارە ١٢ (١٩٩٦)

هاڤیبوون ژمارە ١١ (٢٠٠٢)

ڕەهەند ژمارە ٢ (١٩٩٢)

ڕەهەند ژمارە ٩/ ١٠ (٢٠٠٠)

Multiethnica, Uppsala universitet nr 26-27. juli 2000

Svensk-kurdisk journal nr 14-1989.

ئینتەرنێت:

www.ne.se

www.pasok.org

## ناوەڕۆک

سەرەتایەک ........ 7
١- دەستپێک ........ 9
١- ١ ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ........ 11
١- ٢ شێوەی کارکردن ........ 12
١-٣ سنووردارکردنی باس ........ 12
١- ٤ کەرەستەی لێکۆڵینەوە ........ 14
٢- ناسیۆنالیزم چییە؟ ........ 15
٢-١ پێناسە ........ 15
٣- دەربارەی ڕەچەڵەکی کوردەکان ........ 18
٣- ١ ڕەگوڕیشەی ناسیۆنالیزمی کوردی ........ 19
٣- ٢ بیرە "ناسیۆنالیستیەکانی" ئەحمەدی خانی ........ 20
٣-٣ بەیەکگەیشتنی ڕووناکبیرانی کورد لەگەڵ بیرە ناسیۆنالیستییەکان ........ 24
٤- پارتە مۆدێرنە ناسیۆنالیستەکانی کورد ........ 30
٤-١ خۆیبوون ........ 30
٤-٢ کاژیک ........ 42
٤-٣ پاسۆک ........ 58
٥- بەراوردکردنی پارتەکان: ئامانج، ستراتیجی، چالاکی ........ 66
٥-١-خۆیبوون ........ 66
٥-٢ کاژیک ........ 66
٥-٣ پاسۆک ........ 67
٦- سەرەنجام و ئەنالیز ........ 69
سەرچاوەکان ........ 77